# کۆماری کوردستان ـ مەهاباد 1946
# لەرووی یاسای گشتیی نێودەوڵەتیەوە

نەوزاد مەجید
خدر سەرمۆردی

- کۆماری کوردسان ـ مهاباد
- نوسینی: نەوزاد مەجید ـ خدر سەرمۆردی
- نەخشە ساز: هونەر وەهبی
- تیراژ: (1500)دانە.
- ژمارەی سپاردن: (218)ساڵی 2004
- زنجیرە: 54
- بەرگ: سامان محەمەدصالح
- سلێمانی: 2004
- بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری

پێشەکی
بەندی یەکەم: دەوڵەتی یاسایی
بەشی یەکەم/ پێناسەی دەوڵەت
بەشی دووەم/ پایەکانی دەوڵەت (گەل، هەرێم، حکومەت)
بەشی سێیەم/ سروشتی دان پیانان بەدەوڵەت
پەراوێزو سەرچاوەکانی بەندی یەکەم
بەندی دووەم/ کۆماری کوردستان مهاباد 1946
بەشی یەکەم/ کورتە باسێکی مێژوویی سیاسیو رێکخراوەیی کوردستانی رۆژهەڵات
بەشی دووەم/ دامەزراندنی کۆماری مەهاباد
بەشی سێیەم/کۆماری کوردستان- مەهاباد بەراورد بە پایەکانی دەوڵەتو پرەنسیپی مافی چارەی خۆنوسین.
بەشی چوارەم/کەسایەتی یاسایی کۆماری کوردستان 1946
پەراوێزو سەرچاوەکانی بەندی دووەم
بەندی سێیەم/ بەڵگەنامەکان
بەشی یەکەم/ بڕیارو راسپاردەکان
بەشی دووەم/ پەیوەندی هەرێمایەتیو نێودەوڵەتی
بەشی سێیەم/رۆژنامەگەری لەکۆماری کوردستان مهاباد 1946
پەراوێزو سەرچاوەکانی بەندی سێیەم
کۆتایی

<u>بۆ زانین</u>

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەی دەرچوونی ساڵی (2002-2003)ی هەردوو خوێندکار(تاهیر مەجیدو خدر سەرمۆردی)یەو پێشکەش بە کۆلێجی یاسای ئێوارانی زانکۆی سلێمانی کراوە وەك بەشێك لە پێداویستیەکانی بەدەست هێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە یاساداو (د.مارف عومەر گوڵ)سەرپەرشتی کردووە.

پێشەکی..

کێشەی کورد ئەگەرچی مێژوویەکی کۆنی هەیە، بەڵام لەساڵانی یەکەمی جەنگی جیهانییەوە جێگایەکی تایبەتی لەپەیوەندیو سیاسەتی زلهێزەکانو دەوڵەتانی رۆژهەڵاتدا گرت.

زۆر بەداخەوە هەموو ئەو نوسینو لێکۆڵینەوانەی لەسەر کۆماری کوردستان کراون زۆر کەمن لەبواری یاساییدا، بۆیە ئێمە بەهەست کردنمان بەو بۆشاییە هەوڵمان داوە لەو بوارەوە شتێك بخەینە بەردەستی خوێنەری کورد، هەرچەندە ئەرکەکەمان قورسە لەبەر نەبونی سەرچاوەی پێویست لەو بوارەدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵێکی باشمان داوە تا بتوانین رووی یاسایی کۆماری کوردستان بەپێی بنەماکانی یاسای گشتی نێودەوڵەتی ئەوەندەی لەتوانامانددا بووە شی بکەینەوە.





کۆماری کوردستان هەلێکی مێژوویی بوو کەبۆ گەلی کورد لەکوردستانی رۆژهەڵات هەڵکەوتبوو، سەردەمێکی حوکمی خۆماڵی گرنگی گەلەکەمانە بایەخی لێکۆڵینەوە لەو هەلە مێژووییە پڕ لەدەرسو پەند بۆ خەباتی گەلەکەمان، کەدەتوانین لەئێستاو لەداهاتوودا سود لەلایەنە باشەکانی وەربگرینو بەهەڵەو کەمو کوڕییەکانیشیدا بچینەوەو نەیەڵین دووبارە ببنەوە، ئەمە جگە لەوەی کەئەو هەلە مێژووییە دووەم هەلی رەخساوی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم بووە، کە لەبارودۆخێکی تایبەتی نێودەوڵەتیدا سەری هەڵدابوو کەفرسەتێکی باش بوو بۆ بەدەستهێنانی مافی چارەی خۆنوسینی نەتەوەی کورد.

دیارە لەروی یاسای گشتی نێودەوڵەتییەوە بۆ ئەوەی هەڵسەنگاندنێکی واقعیانە ئەنجام بدەین دەربارەی کۆماری کوردستان لەروی یاساییەوەو تیشك بخەینە سەر پێکهاتەکانی دەوڵەتو بەراوردێك بکەین لەنێوان کۆماری کوردستانو

پێکهاتەی دەوڵەت لەروی یاساییەوە، هەروەها دان پیانان‌و رون کردنەوەی شێوەکانی دان پیانان، بۆیە لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەڵساین بەدابەش کردنی لێکۆڵینەوەکە بەسەر سێ بەنددا هەر بەندەی چەند بەشێك بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

بەندی یەکەمان تایبەت کردووە بەدەوڵەتی یاسایی بەشێوەیەکی گشتی‌و کە لەسێ بەش پێك هاتووە، ئەوانیش تایبەت کراون بۆ پێناسەی دەوڵەت، پایەکانی دەوڵەت، سروشتی دان پیانان بەدەوڵەت.

بەندی دووەمان تایبەت کردووە بەکۆماری کوردستان-مەهاباد 1946 و دابەشمان کردووە بەسەر چوار بەشدا کورتە باسێکی مێژووی سیاسی‌و رێکخراوەیی کوردستانی رۆژهەلات، دامەزراندنی کۆماری مەهاباد ، کۆماری کوردستان بەبەراورد بەپایەکانی دەوڵەت‌و پرەنسیپی مافی چارەی خۆنوسین بۆ گەلان، کەسایەتی یاسایی کۆماری کوردستان.





هەروەها بەندی سێیەم تەرخان کراوە بۆ بەڵگەنامەکان کە لەسێ بەش پێك هاتووە بەشی یەکەم بڕیارو راسپاردەکان، بەشی دووەم پەیوەندی هەرێمایەتی‌و نێودەوڵەتی، بەشی سێیەم رۆژنامەگەری لەکۆماری کوردستان-مەهاباد 1946. بەم شێوەیە لێکۆڵینەوەکەمان بەپوختەیەك کۆتایی دێت.

## بەندی یەکەم: دەوڵەتی یاسایی

بەشی یەکەم/ پێناسەی دەوڵەت
بەشی دووەم/ پایەکانی دەوڵەت (گەل، هەرێم، حکومەت)
بەشی سێیەم/ سروشتی دان پیانان بەدەوڵەت دا
پەراوێزو سەرچاوەکانی بەندی یەکەم

## بەندی یەکەم

دەوڵەتی یاسایی





**بەشی یەکەم/ پێناسەی دەوڵەت**

بۆ پێناسەی دەوڵەت جیاوازییەکی زۆر لەنێوان بیروڕای زانایانی یاسای گشتی نێودەوڵەتیو زانایانی یاسای ناوخۆیی هەیە کەئەم جیاوازییەش دەگەڕێتەوە بۆ دۆزینەوەی پێناسەیەکی گونجاوی یاسایی کەدەوڵەت دیاردەیەکی بڵاوەو وێنەی زۆری هەیە. زۆربەی پێناسەکان بۆ دەوڵەت زیاتر باسی هەندێك شێوەی دەوڵەتو پایەکانی دەکات.

بۆ نمونە لەو زانایانەی کەگرنگییان داوە بەپایەی ڕێکخستنی دەوڵەت وەکو عەمید (برتلمی Berthelem)و (بلنتشلی Bluntschli) کەپێناسەی دەوڵەت دەکەن کەبریتیە لە (گەلێکی ڕێکخراو) هەندێ زانای تر پێناسەی دەوڵەت دەکەن کەدەوڵەت بۆ (بەدەستهێنانی بەرژەوەندییە گشتییەکانە) ئەوانەش وەکو (ماسبتیۆل Maspetiol)و (لیفۆر Lefur) و هەندێکی تریان پێناسەی دەکەن کەهێزێکی مادییە کە تاکەکانی

کۆمەڵ هەست دەکەن بەبونی دەوڵەت ئەوانەش وەك (ترتشك Treitschke).

زانایانی قانونی دەستوری زیاتر قورسایی دەخەنە سەر هۆکاری کۆمەڵایەتی بۆ پێناسەی دەوڵەت وەك عەمید (هۆریۆ Hauriou) کەدەڵێ دەوڵەت (رێکخستنێکی سیاسیو ئابوریو یاسایی پێکهاتەکانی گەلەبۆ دروستکردنی سستمێکی کۆمەڵایەتی شارستانی).

هەندێکیتریان پێناسەی دەوڵەت دەکەن لەروانگەی بۆچونی یاساییەوە لەوانەش (ئاسمان Esmein) کەدەڵێ دەوڵەت بریتییە (لەدیاری کردنی باری یاسایی گەل).

پێناسەی راستو دروست بۆ دەوڵەت پێویستە هەموو پایەکانی دروست بوونی دەوڵەتو پێوانەی یاسایی لەخۆبگرێت کەجیای دەکاتەوە لەیەکەکانی سیاسیو یاسایی چونکە لەکاتێکدا





کەدیاردەیەکی سیاسیو کۆمەڵایەتییە لەهەمان کاتدا دیاریدەیەکی یاسایشە.[1]

## بەشی دووەم/ پایەکانی دەوڵەتی یاسایی

### یەکەم: گەل

گەل پایەیەکی بنچینەیی بونی دەوڵەتە ناکریو نابێ دەوڵەت هەبێ بەبێ بوونی گەل کەگەل کۆمەڵە خەڵکانێکن پێویستیو بەرژەوەندی هاوبەش کۆی کردونەتەوە.

گەل (دانیشتوان) بەمانای یاسایی:

کۆمەڵێك خەڵکن لەهەردووك رەگەزی نێرو مێ کەبەیەکەوە دەژین وەك یەك کۆمەڵگە لەگەڵ ئەو جیاوازییانەش کەدەبینرێ لەنێوانیاندا لەروی بنچینەو رەنگو ئایینو زمانەوە یان (کۆمەڵە خەڵکانێکن تاکەکانیان یەك دەگرن یان کۆمەڵە خەڵکانێکن جێگیر بوون بەشێوەیەکی بەردەوام لەهەرێمێکی دیاریکراوداو مل

کەچ دەبن بۆ سەرۆکایەتی دەوڵەتێکی دیاریکراو کەدانیشتوان دەبەستێتەوە بەو دەوڵەتەوە بەشێوەیەکی سروشتی لەرێگەی پەیوەندی سیاسیو یاساییەوە کەپێی دەوترێت پەیوەندی رەگەزی (Nationality) لەگەڵ ئەوەشدا مەرج نییە بۆ بەدەستهێنانی پایەی دانیشتوان ژمارەی دانیشتوان بگاتە رێژەیەکی دیارکراو, پێویستیشە ژمارەی دانیشتوان بگاتە رێژەیەکی وا کەبتوانن پارێزگاری لەو دەسەڵاتانەیان بکەن کەدەیانپارێزێو بەرێیانەوە دەبات.(2)

دەوڵەت هەیە ژمارەی دانیشتوانی بەدەیان یان سەدان ملیۆن کەس مەزەندە دەکرێت وەك یەکێتی سۆڤیەت، ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، چین، دەوڵەتیش هەیە ژمارەی دانیشتوانی بەدەیان یان سەدان هەزار کەس مەزەندە دەکرێت وەك بەحرێن، کوەیت....هتد





لەروی ژمارەی دانیشتوانەوە جیاوازی هەیە لەنێوان دەوڵەتێك بۆ دەوڵەتێکی‌تر بێ ئەوەی کاربکاتە سەر ناوەندی یاسایی ئەو دەوڵەتە لەروی ماف‌و ئەرکەوە(3).

**دووەم/ هەرێم:**

هەرێم ئەو ناوچەیەیە کەدانیشتوان تێیدا جێگیر دەبن بەشێوەیەکی هاوبەش‌و دەوڵەت مومارەسەی دەسەڵاتەکانی خۆی‌و سەربەخۆیی خۆی دەکات تیایدا. هەروەکو زانا (بۆردۆ دەڵێ"ئەو ناوچە جوگرافییە کەدەوڵەت خاوەندارێتی دەکات بەتەنها کەتیایدا مومارەسەی سەربەخۆی خۆی دەکات بەسەر تاکەکانیدا یان ئەو رێگەیەیە کەدەسەڵاتی دەوڵەتی تیادا دیاری دەکرێت" (4).

هەرکۆمەڵێك کەهەر پەیوەندییەك هەبێت لەنێوان رۆڵەکانیدا ناکرێت دەوڵەت دابمەزرێنن ئەگەر نیشتەجێ نەبوبن لەسەر هەرێمێکی دیاریکراوو جێگیر، کەخۆی بەشێوەیەکی سروشتی

دەوڵەت لەناوچەیەکی جوگرافی جێگیر دانیشتوانی نیشتەجێ دەبن لەسەری بەشێوەیەکی بەردەوام.

زۆربەی زاناکان رێکن لەسەر ئەوەی کەهەرێم لەدوو خاڵی دیاریکراو جیا دەکرێتەوە ئەوانیش جێگیریو دیاریکراوییە.

جێگیریی: واتە دانیشتوان بەشێوەیەکی جێگیر نیشتەجێ دەبن لەسەر ئەو هەرێمە بەبەردەوامی. کەواتە ئەگەر کۆمەڵێك بەشێوەی گەشت رێدەکەنو جێگیر نابن لەسەر هەرێمێك ناتوانن دەوڵەت پێك بهێنن لەبەر ئەوەی جێگیر نین بەشێوەی بەردەوام لەسەر هەرێمێك بۆ نمونە (قەرەجەکان).

دیاریکراو: واتا بوونی سنورێکی دیاریکراو کەدەوڵەت مومارەسەی چالاکیو دەسەڵاتەکانی خۆی دەکات لەسەری, بەڵام ئەگەر بەشێوەیەکی زۆر وردیش سنورەکەی دیاریکراو نەبێ مانای ئەوە نییە کە بەدەوڵەت حساب ناکرێ جاری وا هەیە بەهۆی داگیرکارییەوە بەشێك یان هەموو سنورەکەی بۆ ماوەیەك لەدەست





دەدات بەهۆی بارو دۆخێك کە لەدەرەوەی توانای خۆیدایەتی لەو کاتەدا دەوڵەتەکە لەروی یاساییەوە دەمێنێو مومارەسەی دەسەڵاتەکانی دەکات لە دەرەوەی وڵات وەك دەوڵەتی کوەیت کاتێك ساڵی 1990-1991 لەلایەن عێراقەوە داگیرکرا بۆ ماوەیەك.

هەرێم بەشێوەیەکی سەرەکی زەوی وشکانی دەگرێتەوە, هەروەها ئاسمانی ئەو زەوییە دەگرێتەوەو روبارو دەریاچەکان دەگرێتەوە کەبەرۆخی زەوییەکەوە نوساون تا قوڵایی 12میل بۆ قوڵایی دەریاچەکە یان دەریاکە(5).

**<u>سێیەم: رێکخستنی سیاسی (حکومەت):</u>**

لەگەڵ بونی ئەو دوو پایەیتر کەگەڵو هەرێمە پێویستە رێکخستنی سیاسیش هەبێت کەخۆی لەحکومەتدا دەبینێتەوە کەدەبێ رێکخستنێکی سیاسیو یاسایی بێت, دەبێ دەستەی

یاسایی‌و سیاسی پێك بهێنرێت ئەو دەستەیە دەسەڵاتی گشتی‌هەبێ کەحکومەتێك رێك بخات بۆ ئەوەی سەرپەرشتی دانیشتوانی هەرێمەکەی بکات لەروی سیاسی‌و ئیداری‌و یاساییەوە. دام‌و دەزگای بەرێوەبردنی هەبێت بۆ پاراستنی سەربەخۆیی‌و جێگیربوونی گەشەکردنی کەدەبێ هەرسێك دەسەڵاتی (یاسادانان‌و جێبەجێ کردن‌و دادگایی) هەبێت لەگەڵ گەشە کردنی ئەمانەشدا دەسەڵاتی چوارەم‌و بوارەکانی تری ژیان گەشە دەکەن. ئەو کۆمەڵانەی کەناتوانن رێکخستنێکی سیاسی‌و یاسایی دروست بکەن بۆ خۆیان پێیان ناوترێت دەوڵەت‌و ناتوانن بچنە ناو پەیوەندیە نێو دەوڵەتیەکانەوە. لەیاسای نێودەوڵەتاندا مەرج نییە کەسیستمی سیاسی‌و یاسایی دەوڵەت لەیەك جۆری دیاریکراو بن وەك ئەوەی مەلەکی بێ یان کۆماری، دیموکراسی بێ یان دکتاتۆری، پەرلەمانی بێ یان سەرۆکایەتی لەبەر ئەوەی ئەم سیستمانەو دیاریکردنیان لەدەسەڵاتی ناوخۆی وڵاتەکەیە





کەسەربەخۆی تەواوی هەیە لەدیاریکردنی ئەو دەستورەی بۆ خۆیان دیاری دەکەن بەپێی دانانی دەستورو جۆری حوکمەکەی پەیوەندیە نێودەولەتیەکان دادەرێژێ بۆیە دەبێ بۆ بوونی هەر دەوڵەتێك لەگەڵ پایەکانی دانیشتوان‌و هەرێم دا پایەی بونی حکومەتێك هەبێت کەدەسەڵاتی یاسادانانی هەبێ کەسەرەك کۆمار دەبێ یان پەرلەمان دەستەیەکی یاسایی دەستورو یاسای وڵات دادەرێژن. دەبێ دەسەڵاتی جێبەجێ کردن هەبێ کەخۆی لەحکومەتدا دەبینێتەوە بەسەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران‌و هەموو وەزیرەکان‌و دام‌و دەزگاکانی تری حکومەت کەبڕیارو یاساکان جێبەجێ دەکەن‌و کاروباری وڵات بەرێوەدەبەن، هەروەها دەسەڵاتی دادگایی کەسەربەخۆیەو نابێ لەلایەن هیچ کەس‌و لایەنێکەوە دەستی تێ وەربدرێت ئەم دەسەڵاتی سێ‌هەمە یاسای وڵات جێبەجێ دەکات‌و کێشەکانی وڵات لەروی یاساییەوە چارەسەر دەکات[6].

**بەشی سێیەم:** سروشتی دان پیانان بە دەوڵەتدا

بۆ سروشتی دان پیانان بەدەوڵەتدا دوو بیردۆزەمان هەیە بیردۆزەی دان پیانانو دروستکەر (المنشیو)و بیردۆزەی دان پیانانی ئاشکرا (الکاشف). لێرەدا هەریەك لەو دووبیردۆزەیە بەکورتی رون دەکەینەوە.

**یەکەم/** بیردۆزەی دان پیانانی دروستکەر (المنشیو): هەندێك لەزانایان پێیان وایە کەدەوڵەت شتێك نییە لە دەرەوەی دان پیانان تەنها بەدان پیانان لەلایەن دەوڵەتانی ترەوە کەسایەتی یاسایی بۆ دروست دەبێ لەو زانایانەش (تاریبل ویلینك) لەئەڵمانیاو (ئەنزلوتیو کافاکلیری) لەئیتالیاو(لوپربافت و ئوبنهایم) دوو زانای ئینگلیزین، بەپێی ئەو بیردۆزەیە دەوڵەت کەسایەتی یاسایی بۆ دروست نابێت هەتا دانی پیا نەنرێ لەلایەن چەند دەوڵەتێکیترەوە. کە ئەم بیردۆزەیە دەڵێ: دەوڵەت بەبێ دان پیانان





تەنها روداوێکی ئاساییە, بەپێی ئەو بیردۆزەیە دەوڵەت ناتوانێ بچێتە مەجالی ئاڵوگۆڕی بیرورا لەگەڵ دەوڵەتانیتروە ناتوانێ پەیمانی نێودەوڵەتی ببەستێو سەرۆكو نوێنەرەکانی ئیمتیازاتو حەسانەیان نابێ بەپێی یاسای نێودەوڵەتی. ئەو بیردۆزەیە رەخنەی لێگیراوە لەسێ لایەنەوە:

1. بەپێی ئەم بیردۆزەیە پشتی زیاتر بەئیرادە بەستووە ئەگەر ئەم بیردۆزەیە جێبەجێ بکەیت یەکگرتنی ئیرادەی دەوڵەتان دەبێتە هۆی دروست بوونی دەوڵەتی تازەو کەسایەتی وەرگرتنی مافەکانی بۆ دروست دەبێ بەبێ ئەو ئیرادە دەرەکییە دەوڵەت ناتوانێ ببێ بەخاوەنی هیچ شتێك ئەمەش زیادە رۆیی زۆری تیا کراوە لەدەوری ئیرادە لەدروستکردنی ژیانی یاسایی.
2. ئەم بیردۆزەیە پێچەوانەی سەنگی کۆمەڵایەتیو مێژووییە بۆ دروست بوونی دەوڵەت، دروست بوونی دەوڵەت روداوێکی مێژووییە پڕە لەبارودۆخی کۆمەڵایەتیو رامیاریو مێژوویی،

ناكرێ بوونی دەوڵەت یان نەبوونی ببەسترێتەوە بەئیرادەی دەوڵەتانیتر، دان پیانەنان بەدەوڵەتێك نابێتە هۆی نەبوونی دەوڵەتێكیتر ئەگەر پایەكانی دەوڵەتی تیا بێت، دەوڵەتانی ئەوروپا ماوەیەكی زۆر دانیان نەنا بەدەوڵەتی توركیادا دوایی دان پیانانەكەی بوو بەكارێكی پێویست لەسەری لەپەیمانی پاریس كە لەساڵی 1956دا بەسترا، هەروەها وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكاو دەوڵەتانیتریش دانیان نەنا بەئەڵمانیای رۆژهەڵات لەكاتی دروست بونیدا ئەمەش كاری لەبوونی ئەو دەوڵەتە نەكرد دوای ماوەیەك دان پیانانی بوو بەكارێكی پێویست لەسەریان.

3. ئەمە پێچەوانەی ئاڵوگۆڕی نێودەوڵەتییە لەبەر ئەوەی ئەگەر دانپیانان بەمانای دروست بوونی كەسایەتی بێت بۆ دەوڵەت مانای نەبوونی یاساییە، هەروەها ئەو دەوڵەتە ناتوانێت پشت بەبنەماكانی یاسای نێودەوڵەتی ببەستێ پێش دان پیانانی.





كەواتە ئەم بیردۆزەیە كەم و كوڕی زۆری تیایە لەبارەی یاسای نێودەوڵەتییەوە بۆیە بیر لەدۆزینەوەی بیردۆزەیەكیتر كرایەوە.

دووەم/ بیردۆزەی دان پیانانی ئاشكرا (الكاشف): بەپێی ئەم بیردۆزە دەوڵەت كەسێكە لەكەسایەتی یاسایی گشتی نێو دەوڵەتی هەر كاتێك پایەكانی دەوڵەتی تیا بەرجەستە بێت، دان پیانان تەنها دەوری هەیە لەپەیوەندییەكانی ئەو دەوڵەتە لەگەڵ دەوڵەتانیتر كەواتە دان پیانەنانی دەوڵەتێك یان چەند دەوڵەتێك بەدەوڵەتی تازەدا نابێتە هۆی وەرنەگرتنی كەسایەتی یاسایی نێودەوڵەتی تەنها دەبێتە هۆی نەبوونی پەیوەندی دەوڵەتە تازەكە لەگەڵ دەوڵەتانیتر كەدانی پیانانێن، ئەم بیردۆزەیە زۆر نزیكە لەروی یاساییەوەو پرەنسیپی یەكسانیو راستی لەچاو بیردۆزەكەی پێشووەوە، بۆیە كارپێكردنی ئەم بیردۆزەیە نزیكترە لەراستیەوە[7].

وەجاڕنامەی بۆغۆتا کەئەمریکا ئیمزای کردووە لەساڵی 1948 بەم بیردۆزەی وەرگرتووە کەماددەی نۆهەمی دەڵێ " بونی دەوڵەتی سیاسی سەربەخۆیە لەدان پیانانی دەوڵەتیتر پێی " [8].

ئەو بڕیارەی لەپەیمانگای یاسای نێودەوڵەتیەوە دەرچووە لەبرۆکسل ساڵی 1936 کەدەڵێ " دان پیانان بەدەوڵەتی تازە کردارێکی هەڵبژێردراوە(ئیختیاری)بەپێی ئەمە دەوڵەتێك یان چەند دەوڵەتێك شایەتی دەدەن بە بونی کۆمەڵێك خەڵك کەنیشتەجێن لەهەرێمێکداومل کەچن بۆ سستمێکی سیاسی سەربەخۆ بۆ دەوڵەتانیترو توانای جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی هەیە بەپێی یاسای نێودەوڵەتی لەبەر ئەوە دان پیانان تەنها ئیرادەی دەوڵەتە بۆ ئەوەی دەوڵەتە تازەکە ببێت بەئەندام لەکۆمەڵی نێو دەوڵەتی, هەروەها ئەمە کردارێکی ئاشکرایە نابێتە هۆی کەمکردنەوەی لەلایەن دەوڵەتێکەوە یان چەند دەوڵەتێکەوە لەهۆکارە یاساییەکانی دروست بوونی دەوڵەتی تازە"[9].





دادگای ناوخۆیی بەم بیردۆزەیەی وەرگرتووە کە لەو بڕیارەدا هاتووە کە لەدادگای بەرزی ولاَتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە دەرچووە ساڵی 1808 کەدەڵێ "سەربەخۆیی دەوڵەتی تازە لەپێش دانپیانانەوەیەو بێلایەنە لێی"[10]).

هەروەها کەسانی لایەنگری بیروباوەڕی بابەتی بەم بیردۆزەیان وەرگرتووە بەو مەبەستەی کەدانپیانانی ئاشکرا ئەنجامێکە لە ئەنجامەکانی ئەو بیرو باوەڕە وە لە ناسراوترین ئەو کەسانە (بۆنفیس Bonfils)، لۆریمەر Lorimer بیلی Pillet لەلایەنگرانی یاسای سروشتی، جۆرجسل لەلایەنگرانی بیروباوەڕی هاوکاری کۆمەلاَیەتی، هەروەها زانایانی سۆڤیەت بەم بیردۆزەیان وەرگرتووە[11].

<u>پەراوێزو سەرچاوەکانی بەندی یەکەم</u>

1.د.عصام عطية-القانون الدولى العام-بغداد-وزاره التعليم العالى والبحپ العلمى-جامعه بغداد-الگبعه الخامسه- سنه 1993 ص219.

2.عبدالرحمن سليمان الزيبارى- الوضع القانونى لاقليم كردستان العراق فى ظل قواعد القانون الدولى العام-كردستان- اربيل- مطبعة وزاره التربيه- الطبعة الاولى سنه 2002 ص 498.

3. د.عصام عطية-القانون الدولى العام-بغداد-وزاره التعليم العالى والبحث العلمى-جامعه بغداد-المطبعة الخامسه- سنه 1993 ص220.

4. عبدالرحمن سليمان الزيبارى- الوضع القانونى لاقليم كردستان العراق فى ظل قواعد القانون الدولى العام-كردستان- اربيل- مطبعة وزاره التربيه- الطبعة الاولى سنه 2002 ص 499.

5. د.عصام عطية-القانون الدولى العام-بغداد-وزاره التعليم العالى والبحث العلمى-جامعه بغداد-الطبعة الخامسه- سنه 1993 ص226.

6.نفس المصدر، ص 281.

7. نفس المصدر، ص328-329.

8. نفس المصدر، ص 330

9. نفس المصدر، ص 330

10. نفس المصدر، ص 330





11. نفس المصدر، ص 331.

بەندی دووەم/ کۆماری کوردستان مهاباد 1946

بەشی یەکەم/ کورتە باسێکی مێژوویی سیاسیو رێکخراوەیی کوردستانی رۆژهەلاّت
بەشی دووەم/ دامەزراندنی کۆماری مەهاباد
بەشی سێیەم/کۆماری کوردستان- مەهاباد بەراورد بەپایەکانی دەولّەتو پرەنسیپی مافی چارەی خۆنوسین.
بەشی چوارەم/کەسایەتی یاسایی کۆماری کوردستان 1946
پەراوێزو سەرچاوەکانی بەندی دووەم

## بەندی دووەم

کۆماری کوردستان-مەهاباد 1946





### بەشی یەکەم/

**کورتە باسێکی مێژوی سیاسیو رێکخراوەیی کوردستانی رۆژهەلاّت:**

بەپێی زۆربەی سەرچاوەکان دەریان خستووە کەرێکخراوی سیاسی یان رۆشنبیری لەکوردستانی رۆژهەلاّتدا پێشینەیەکی زۆر کۆنی نییە لەپێش جەنگی یەکەمی جیهانیەوە هیچ رێکخراوێکی سیاسی کەپانتاییەکی فراوان داگیر بکات نەبووە تەنها "کۆمەلّەی جیهاندانی" کە لەسەر دەستی عەبدولرەزاق بەگی بەدرخانو بەهاوکاری سمکۆو هەندێ لەگەورە پیاوانیتری کورد لە(خوی و ماکۆ) دامەزراوە، بەلاّم نەیتوانی گەشە بکاتو بتەنێتەوە لە شوێنەکانیتری کوردستان هەر زووش پوکایەوە. دوای ئەویش لەکۆتایی جەنگی یەکەمی جیهاندا کۆمەلّەی (ئیستخلاسی کوردستان) لەسەر دەستی سەید تەهای شەمزینیو بەهاوکاری سمکۆو گەورە پیاوانیتری کورد دامەزرا ئەویش زوو پوکایەوە.

**جێگیر بوونی دیکتاتۆریەتی ڕەزا شا لەئێران ماوەی نەدا هیچ جۆرە چالاکییەکی سیاسیو ڕۆشنبیری سەرهەڵبدات ئەگەر هەندێك یاخی بونی چەکداریش هەبوبێ هەر زوو بەتێکشکانو شکست کۆتاییان پێ دەهات زۆر لەگەورە پیاوانی ناوداری کورد یان دەستبەسەر کرابوون یان گیرا بوون یان دورخرابونەوە، تا دەسەلاتی ڕەزا شا هەبوو لەئێران ئەم بارودۆخە درێژەی کێشا, بەڵام لەگەڵ ڕوخانی ڕەزا شادا گەلەکانی ئێران لەوانە کوردیش هەناسەیەکی ئازادییان هەڵکێشا دوای ئەوەی کۆمەڵەی (خۆیی بوون) لەساڵی 1927 لەلوبنان دامەزرا پەلی هاویشت بۆ کوردستانی تورکیا هەندێ لەپیاوە ناودارەکانی کوردستانی ئێرانیش پەیوەندییان پێوە کرد بە تایبەتی پیاوە ناسراوەکانی بنەماڵەی قازییەکان, بەڵام ئەمە نەبوو بە ڕێکخراو لەکوردستانی ئێراندا. وەك لەهەندێ سەرچاوە دەگێڕنەوە لەسەرەتای چلەکاندا (حزبی ئازادی خوازی کوردستان) دامەزراوە هیچ چالاکییەکی**





**ئەوتۆی نەبووە تەنها بەیانێکی دەرکردووە بەناوی بەخێرهاتنی لەشکری سوری سۆڤێتی بۆ ئێران.**

## کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ک.ژ.ک)

**کەشەڕی دووەمی جیهانی دەستی پێکرد ئێران بەسەرکردایەتی ڕەزا شا خۆی لەئەڵمانیای نازی نزیك کردەوە ئێران بوو بەجێگەی تەراتێنی جاسوسە ئەڵمانییەکان، کاتێك لەشکری ئەڵمانی هێرشی کردە سەر سۆڤێت لەهاوینی 1941 بەکردەوە جەبهەیەکی گەورە لەوڵاتەکانی سۆڤێتو ئەمریکاو بەریتانیا لەلایەك ئەڵمانیاو ئیتالیاو ژاپۆن لەلایەکیتر کرایەوە. بۆیە وڵاتانی ئەمریکاو بەریتانیاو سۆڤێت بڕیاریاندا ئێران هەڵبژێرن کەهەم نفوزی ئەڵمانیای تێدا نەهێڵن هەم یارمەتی جەنگ وەك چەكو تفاقی جەنگ لەوێوە بگەیەنن بەسۆڤیەت. بۆیە لەشکری سور لەسەرەوە لەشکری ئەمریکاو بەریتانیاش لەخوارەوە**

پەلاماری ئێرانیانداو داگیریان کردو رەزا شا خۆی نەگرت لەبەردەمیاندا بەوەش کەش‌و هەوای ئازادی لەئێراندا پەیدا بوو کوردستانیش بەشێك لەئازادی‌و دیموکراسی بەخۆیەوە بینی، حزب‌و رێکخراوە سیاسییەکان بوژانەوە لەکاتێکدا کە لەخواروی ئێران لەشکری ئەمریکاو بەریتانیا هاتبوو لەسەروشەوە لەشکری سوری سۆڤێتی هاتبوو هەتا ورمێ‌ی داگیر کردبوو ناوچەی مەهاباد لەو بارودۆخە بەدوور بوو بۆیە بارودۆخێکی تایبەتی لەمەهابادو ناوچەکە خولقابوو, خۆیشی پێشینەیەکی شۆڕشگێڕی جولانەوەی نەتەوەیی کوردایەتیان هەبوو هەر بۆیە یەکەم رێکخراوی بەهێزی سیاسی کوردی بەناوی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد لەکوردستان لەناوچەی مەهاباد پێکهات.

لەدامەزرێنەرانی (ك.ژ.ك) "حسێن فروهەر، عەبدولرەحمان زەبیحی، عەبدولرەحمان ئیمامی، عەبدولقادر مودەڕیسی، نەجمەدین تەوحیدی، محەمەد نانەوا زادە، عەلی مەحمودی، محەمەدی





ئەسحابی، عەبدولرەحمان کیانی، سدیقی حەیدەری، قاسمی قادری".

بەپێی ئەو سەرچاوانەی لەبەردەستدان ئامانجی (ك.ژ.ك) دژی خۆخۆری‌و شەڕی ناوخۆو پول پەرستی‌و هەل پەرستان بووە بەهەموو هێزو توانای تێکۆشاوە بۆ ئەوەی زنجیرو تەوقی دیلی‌و ژێردەستەیی لەگەردنی نەتەوەی کورد داماڵێ, هەوڵی داوە کەکوردستانی گەورە دروست بکاتەوە لەت‌و پەتی کوردستان نەهێڵێ کەهەموو کوردێك بتوانێ بە سەربەستی بژی.

(ك.ژ.ك) زۆر هەستی بەوە کردووە کەدەبێ کورد بیر لەشارستانییەت‌و پێشکەوتن‌و مەدەنییەت بکاتەوە خۆ رۆشنبیر کردن‌و ناساندنی کێشەی گەلەکەمان بەدنیای دەرەوە زیاتر رێگای رزگاریمانە نەك چەك‌و شەڕ چونکە هیچ کات ئەو چەکەی بەدەستی کوردەوەیە لەبەرامبەر چەکی دوژمنەکانی‌دا بەراورد ناکرێ، بۆیە

هەر زوو بیری لەرۆژنامەگەریو دەرکردنی گۆڤارو رۆژنامە بۆ روناککردنەوەی بیری نەتەوایەتی کردەوە[1]

(ک.ژ.ک) لەسەر چوار کۆڵەکەی (ئیسلامەتی، کوردایەتی، مەدەنییەت سوڵحو ئاشتیخوازی) دامەزراوە،

"لەساڵی 1944 کەشەڕی دووەمی جیهانی بەرەو بڕانەوە دەچوو لیژنەی ناوەندی (ک.ژ.ک) کۆبونەوەیەکی سازدا بۆ لێکۆڵینەوە لەداهاتوو دوا رۆژی کورد سکرتێری کۆمەڵە راپۆرتێکی خوێندەوە دوایی لیژنە لیکۆڵینەوەیەکی وردی کردو ئەم بڕیارانەی دا لەبەر رۆشنایی کۆبونەوەکە:

1.هەرکەشەڕ کۆتایی هات دەوڵەتی کوردستان ئیعلان دەکرێت.

2.خاکی ئەم دەوڵەتە لەناوچەی ژووروی عێراقەوە دەست پێدەکات بەبانەدا ئینجا سەقزو هەموو ناوچەکانی لای سنوری رۆژهەلاتی عێراق تا شاخەکانی دالانپەڕ لەسەر سنوری تورکیاو





خوارەوی ئەم سنورە لەرۆژئاوای ماکۆوە بەکەناری رۆژئاوای گۆمی ورمێدا بەرەو خوارو بۆ ناوچەی ئەفشار.

3.رژێمی ئەم دەوڵەتە کۆماری دەبێت.

4.بۆ پاراستنی دەوڵەت (ک.ژ.ک) لەشکرێکی بەرگری پێک دەهێنێت کەپێی دەوترێت میلیشیا (پێشمەرگە).

5.پێویستە لەسەر کۆمەڵە کەبەشەکانیتری کوردستان رزگار بکاتو ئەو ناوچانەی کە لەسەر کۆمەڵە بوو هەوڵی رزگار کردنی بدات هەموو دیاری کرابوو کەبڕیاریان لەسەری دابوو"[2].

(ک.ژ.ک) یاداشتێکی دایە حکومەتی تاران بەم جۆرەی خوارەوە:

"حکومەتی تاران خەلیل فەهمی نارد کەوەزیری راوێژ بوو بۆ کوردستان کاتێک کەئەم وەزیرە گەیشتە مەهاباد (ک.ژ.ک) یاداشتێکی پێشکەش کردو کەئەمە کورت کراوەی ئەو یاداشتەیە کە لەخوارەوە ئەینوسین:

1.لەلایەن حکومەتی ئێرانەوە زمانی کوردی بەرەسمی دابنرێ بۆ هەموو ناوچەکانی کوردستان کەژمارەی دانیشتوانی سێ ملیۆن پترە.

2.زمانی کوردی ببێت بە زمانی خوێندنو بەرێوەبەرێتیو دادگایی لەکوردستاندا.

3.فەرمانبەران لەهەموو کوردستاندا کورد بن.

4.ئەو ناوچەیەی لەکوردستاندا کۆ دەکرێتەوە ئەبێت بۆ کوردستانیش بەکاربهێنرێتەوە بۆ دروست کردنی خەستەخانەو قوتابخانەو ئاوەدانکردنەوەی کوردستان نەك بۆ رازاندنەوەی تاران.

5.ئەبێ ئەم داخوازیانە لەپەرلەماندا باس بکرێتو قانونێك دەربارەیان دابنرێت.

6.ئەمانە داخوازی ئێستامانن، بەلاَم (ك.ژ.ك) بڕوای تەواوی بەوە هەیە کەحەقی دوا رۆژ دانان (حق تقریر المسیر) مافێکی ئاسایی‌و سروشتییە بۆ هەموو نەتەوەیەك لەبەر ئەوە پێویستە





دوای کۆتایی شەڕی دووەمی جیهانی لەم بارەیەوە گفتوگۆ بکرێت, هیچ گومانی تیا نییە کەکورد خۆی دوا رۆژی خۆی دیاریدەکات.

7.کۆمەڵە ئەم یاداشتە بلاَو دەکاتەوە, نەتەوەی کورد کەچارەنوسی خۆی دانا حکومەتی ئێران ئەوسا بەدراوسێیەکی باش‌و بێوەزەن دادەنرێت.

لەروی رۆشنبیریشەوە (ك.ژ.ك) زۆر گرنگی بەباری رۆشنبیری دا چەندین گۆڤارو رۆژنامەی دەرکرد بۆ هۆشیار کردنەوەی بیری نەتەوایەتی سیاسی گەلی کورد لەوانە وەك (گۆڤاری نیشتمان، رۆژژمێری کورد ، دیاری کۆمەڵەی (ژ.ك) چەندین بابەتی رۆشنبیری‌تر)"[3].

## حزبی دیموکراتی کوردستان

هێشتا (ك.ژ.ك) نەگۆڕا بوو بەحزبی دیموکرات بەهاندانی قازی محەمەدو چەند کەسێکیتری نزیکیو هاوبیری لافیتەیەك نوسراو لەناو خەڵکدا بڵاو کرایەوە بۆ بەدەستهێنانی پشتگیریو ئیمزا کۆکردنەوە بۆ ئەوەی پشتیوانی بەدەست بهێنن بۆ دامەزراندنی حزبی دیموکراتی کوردستان کەپشتیوانیەکی باشیان بەدەست هێنا ئەوەبوو بە بەیاننامەیەکی کوردی فارسی دامەزراندنی حزبی دیموکراتی کوردستانیان راگەیاند، بەیاننامەکە زیاتر لە 70 کوردی ناسراو ئیمزایان کردبوو خواستەکانی گەلی کوردی تیا دیاری کرابوو، بەیاننامەکە بەچەند دروشمێك رازابۆوە کەخۆی لەمافی رەواو ئینسانی گەلی کورددا دەبینیەوە وەك لەم بەندانەی خوارەوەدا هاتووە:





"1.نەتەوەی کورد لەنێو خۆی ئێراندا بۆ هەڵسوڕاندنی کاروباری محەلی خۆی سەربەخۆو ئازاد بێو لەسنوری دەوڵەتی ئێراندا خود موختاری خۆی بەدەست بهێنێت.

2.مافی خوێندنی بەزمانی زگماکی خۆی هەبێو تەواوی کاروباری ئیدارەکان بەزمانی کوردی بەڕێوە بچێت.

3.لەسەر بناغەی قانونی ئەساسی ئەنجومەنی ویلایەتی کوردستان بەزویی هەڵبژێردرێو بەهەموو کاروباری کۆمەڵایەتیو دەوڵەتی رابگاتو چاودێرییان بەسەردا بکات.

4.کاربەدەستانی دەوڵەت دەبێ بەبێ قسە لەخەڵکی ناوچەکان بن.

5.دەبێ لەسەر ئەساسی قانونێکی گشتی لەنێوان لادێو خاوەن موڵکدا رێککەوتنێك پێکبهێنرێتو دوا رۆژی هەردوولا دابین بکرێت.

6.حزبی دیموکراتی کوردستان تێدەکۆشێت لەخەباتدا بەتایبەتی لەگەڵ نەتەوەی ئازەربایجان و کەمایەتیەکانیتر کە لەئازەربایجان دەژی وەك ئاسورییەکان و ئەرمەنیەکان و ...هتد یەکێتیو برایەتێکی تەواو پێك بهێنن.

7.حزبی دیموکراتی کوردستان بەئامانجی بەرەو پێش بردنی کشتوکاڵو بازرگانیو پەرەپێدانی فەرهەنگو لەش ساغیو باشتر کردنی ژیانی ئابوریو مەعنەوی گەلی کورد دەست دەکات بە سود وەرگرتن لەسامانەکانی سروشتیو کانگاکانی کوردستان و لەم رێگایە تێدەکۆشێت.

8.ئێمە دەمانەوێ تەواوی گەلەکانی ئێران هەلی تێکۆشانی بەئازادییان بدرێتێ بۆ بەختەوەریو پێشخستنی نیشتمانی خۆیان"[4].

حزبی دیموکراتی کوردستان کەدروشمەکانی لەو بەندانەی پێشەوەدا کۆکردبۆوە درێژەی بەخەباتی خۆی داوە ئیتر کۆنگرەی





یەکەمی خۆی بەست، لەکۆنگرەی یەکەمدا سەرکردایەتیو مەکتەبی سیاسی خۆی هەڵبژاردو تەئکیدی لەدروشمەکانی کردەوەو رەگی داکوتا لەناو دڵی جەماوەرو گرنگیدا بەبەرنامەو پەیڕەوەکەی.

کۆکردنەوەی چینو توێژەکانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و گرنگیدان بەپەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ نەتەوەکانیتری ئێران و ناساندنی خۆیو دروشمەکانیو بەرنامەکانی زۆربەی خەڵکە رۆشنبیرو دڵسۆزەکان و شۆڕشگێڕەکان و کەسایەتیەیکانی کوردی لێ کۆبۆوەو سەرەك تیرەو خێڵەکانیش پەیوەندییان پێوە کرد. ئیتر کەهەل و مەرجی ناوخۆو دەوروبەر لەبار بوو لێپرسراوانی حزبی دیموکراتی کوردستان و رۆشنبیرانی کوردو بنەماڵەی قازییەکان بەرابەرایەتی پێشەوا قازی محەمەد حکومەتی میللی کوردستانیان راگەیاند بەناوی (کۆماری کوردستان-مەهاباد).

## بەشی دووەم/ دامەزراندنی کۆماری کوردستان-مەهاباد

لەئەنجامی ئەو بارودۆخە سیاسییەی لەهەرێمەکەو ئێرانو کوردستان هاتبووە ئاراوەو. ناکۆکی نێوان سۆڤیەت لەلایەكو ئەمریکاو بەریتانیا لەلایەکی تر بەرزبونەوەی ئاستی هۆشیاریو رووناکبیری کوردو بوونی حزبی دیموکراتی کوردستانو پێشەوا قازی محەمەدو پەیوەندی سەرەك خێڵو عەشیرەتە کوردییەکان لەگەڵ قازی محەمەد، راگەیاندنی کۆماری ئازەربایجان هەموو ئەمانە بوونە هۆکاری هاندانی کورد بۆ راگەیاندنی کۆماری کوردستان- مەهاباد، بۆ ئەم مەبەستەش لەسەرەتاوە لەکۆبونەوەیەکی جەماوەری گەورەدا لە 1945/2/17 ئالای سێ رەنگی کوردستان لەمەهاباد هەڵکرا، ئیتر سەرەتای ساڵی 1946 بوو بەهۆی زیاتر جۆشدانو خۆشیو خرۆشاندنی کوردان لەهەموو شارو شارۆچکەو لادێکان، لەموکریان لەکەشو





هەوایەکی نوێدا دەژیان کەشو هەوای ئازادی دیموکراسی ژیانی نوێی خزبایەتی بوژاندنەوەی ژیانی سیاسی نوێ لەکوردستان هەڵهاتنی خۆری ئازادی نوێو پڕ لەهیواو ئاواتی خەڵکی کوردستان. حزبی دیموکرات بەردەوام هانی جەماوەرو خەڵکی ناوچەکانی دەدا تا رۆژی 2ی رێبەندان لە 1946/1/22 لەشاری مەهابادو مەیدانی چوار چرا جەماوەری کورد بەجوتیارو هەژارو کاسبکارو دەوڵەمەندو شێخو ئاغاو مەلاو سەرەك خێڵ بەژنو منداڵو لاوو پیرەوە چەند رۆژ پێش کاتی دانراو بەرەو مەهاباد کەوتبونە رێ.

لەرۆژی دووەمی رێبەنداندا مەهاباد بەگشتیو مەیدانی چوار چرا بەتایبەتی بەرگێکی نوێیان پۆشی بوو خەڵکی بە بەرگی نوێو کوردییەوە دڵ پڕ لەهیواو ئاوات رژابونە سەر شەقامو کۆڵانەکان چاوەڕێی هەواڵی نوێو مژدە بەخش بوون، ئا لەم کاتەدا پێشەوا (قازی محەمەد) لەناو ئاپۆرەی چەپڵە رێزانو

پێشوازی نیزامیو ئامادەبوونی لیژنەی مەرکەزی حزبی دیموکراتی کوردستانو ئالآی سێ ڕەنگی کوردستان لەراستو چەپی هەڵکرا بوو, دەرکەوتو ئیتر ئیفتیتاحی مەراسیمەکە لەلایەن (غەنی خەسرەوی) شەهرداری مەهابادەوە بەمۆسیقای کوردی کرایەوەو کۆمەڵێك وتاری بەنرخ خوێنرانەوە لەپێشەوەیاندا وتاری پێشەوا (قازی محەمەد) سەرەك کۆماری کوردستان مەهاباد بەم شێوەیە[5]:

"کوردستان مەوقعیەتی جوگرافیاییەکی مەخسوسی هەیە کەبێ یانەوەو بێ ئەوەی نەتەوەو میللەتێکی تر لەنێوانیاندا فاسلو لێکیان بپچڕێنەوە کورد بەسەر یەکەوە سکونەتیان تێدا هەیەو دارای مالیکیەتی میللی لەوێدا بەسەرهاتو سەوابقی تەئریخیان یەکەو عمومەن تێیدا شەریکن، خاوەنی ئادابو عاداتو رسومی میلییەکی وان کەهیچ جۆرە سەدەمەو حەوادیسێك نەیتوانیوە سستیەك لەبناغەی میللەتی ئەواندا پەیدا





بکات، کورد لەقەدیمدا هەزاران پادشاو حوکمدارو تەشکیلاتیان بووە هەر لەم کوردستانەی ئازادی ئێستادا بنەماڵەی ئومەرای موکری کەسەر بەسیلسیلەی ئەوان ئەمیر سەیفەدین بووە تا لە 1020ی کۆچی بیلئیستقلال یەك لەدوای یەك ئەمیر سەیفەدین، سالم بەگ، شێخ حەیدەر، ئەمیر بەگ، ئەمیر پاشا تا دەگاتە قوبادخان بەدەسەڵاتو قودرەتەوە حکومەتیان کردووە.

میللەتی ڕەشیدو بەغیرەتی کورد لەهەموو دەورو زەمانێکدا هەرکەس خەیاڵی ئیستیلای نیشتمانی ئەوانی بوبێ بەرەنگاری بونو بەربەرەکانیان کردووەو لەهیچ فیداکارییەك دەستیان دانەنەواندووە، لەپاش لەدەست چوونی حوکمداریشیان بۆ وەگیر خستنەوەی ئازادیو چانیان نەداوە بەدڵێکی ئەوەندە بەهێزو عەزمێکی هێندە سابیتەوە تێکۆشاون تا ئێستا هێزێکی وا پەیدا نەبوو بتوانێ تێکڕا خەفەیان بکات، میرە کوێرەیان کوشتوە بابان سەری هەڵداوە، بابانیان بێدەنگ کردووە ئەردەڵان سەری هەڵداوە،

ئەوانیان لەعەرزی داوە، بەتلیسی بەرز بونەوەو هەزاری دیکەی وەك ئەوان...هتد"[6]

دوابەدوای وتاری پێشەوا قازی محەمەد زۆر وتاری تر لەلایەن ئەندامانی لیژنەی مەرکەزی حزبی دیموکراتو هەیئەی رەئیسەی میللی خوێنرانەوە دوای ئەوە لە 11ی شوباتدا ناوی وەزیرەکانی کۆماری کوردستان بلاّوکرایەوە هەرچەند بڕیارێك بەرچاو ناکەوێت لەبەڵگەو نوسراوەکاندا لەسەر دانانو دەرکردنی پۆستەکانو ناوی وەزیرەکان، بەلاّم کەپێشتر بۆ ماوەی چوار ساڵ لیژنەیەکی نۆ کەسی بۆ راپەڕاندنی کارو بارەکان بەناوی (هەیئەی رەئیسەی میللی) کە لەکارو فەرمانو ئاستی یاسایدا جێگەی ئەنجومەنی وەزیرانی گرتبۆوە دیار بوو بلاّوکردنەوەی ناوی وەزیرەکانو تەشکیل دانی درێژەی ئەو هەیئەتە بوو فراوانیان کردبوو بەم شێوەیەی خوارەوە:





1.حاجی بابە شێخ

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانو یاریدەدەری سەرەك کۆمار

2.محەمەد حسێن سەیفی قازی

وەزیری جەنگو یاریدەدەری سەرەك کۆمار

3.محەمەد ئەمین موعینی

وەزیری ناوخۆ

4.ئەحمەد ئیلاهی

وەزیری ئابووری

5.کەریم ئەحمەدیان

وەزیری پۆستەو تەلەگراف

6.حاجی عەبدولرەحمان ئیلخانیزادە

وەزیری تەگبیر (مشاور)

7.مەناف کەریمی

وەزیری فەرهەنگ

8.سدیق حەیدەری

وەزیری تەبلیغات

9.خەلیل خەسرەوی

وەزیری کار

10.حاجی مستەفا داودی

وەزیری بازرگانی

11.محەمەد وەلی زادە

وەزیری کشتوکاڵ

12.ئیسماعیل ئیلخانیزادە

وەزیری ڕێگەوبان

13.مەلا حسێن مەجدی

وەزیری عەدل

14.سەید محەمەد ئەیوبییان

وەزیری تەندروستی





جگە لەپێکهێنانی وەزارەتەکان چەندین دامو دەزگای تری بەرێوە بردن دامەزرا بۆ سەرجەم وەزارەتەکان کەبەرێوەبەرە گشتیەکانو بەرێوەبەری دائیرەکانی ترو پێکهێنانی سوپای چەکداری لەخۆ گرتبوو بۆ پاراستنی کۆمارەکەو سنورەکانی لەوانەش وەك:

عەلی ڕێحانیبەرێوەبەری گشتی تۆمار کردنی زەویو زار

عەلی خەسرەویبەرێوەبەری گشتی کاروباری لاوان

سەید پیرە بەرێوەبەری گشتی کاروباری شارەوانی

ئەحمەد عیلمیبەرێوەبەری گشتی دەرامەتو دارایی

جگە لەمانە گەلێك ناوی تر ناویان هاتووە بۆ بەرێوەبەری گشتیو بەرێوەبەر وەك:

قاسمی ئیلخانیزادە، سدیق حەیدەری، هەژار، هێمن، عەبدولڕەحمان زەبیحی[7]، هەروەها بۆ پێکهێنانی سوپایەك بۆ پاراستنی کۆمارەکەو سنورەکانی لەهێرشی دوژمنان تەشکیلاتی

زۆر باش لەتێکۆشەران‌و ئەفسەرانی کوردو سەرەك خێڵەکان کراو ناوچەکان دابەشکرا بەسەر ئەو سوپایەدا بەم شێوەیە:

سوپای چەکدار، هەر لەسەرەتای خودموختارییە چوارساڵێەکەوە، زەمینەیەکی هەبوو کە (سەیفی قازی) بە وەزیری هێزی دیموکرات دانرا، گەلێك هەنگاوی گرنگ نرا.

شێوەی ڕێکخستنی هێزو فەرماندەکان لەسەر بنچینەیەکی سەربازی تا رادەیەك مۆدێرن بوو، بەتایبەت ئەو هێزانەی کەدەیان ئەفسەری کوردی باشور لەگەڵ بارزانی‌دا دوای شکستی شۆڕشی بارزانی 1945 سنوریان بەزاندو خۆیان گەیاندە مەهاباد، ڕۆڵێکی گرنگیان لەو سوپایەی کۆماردا بینی لەوانە:





کۆلۆنیل مستەفا خۆشناو

سەرکردەی لقی یەك لەهێزی بۆکان‌و مەنتیقەی سەرا

کۆلۆنیل میرحاج ئەحمەد

سەرکردەی لقی دوو لەهەمان فەرماندەیی

کاپتن عەبدولکەریم

سەرکردەی لقی سێ لەهەمان فەرماندەیی

ملازم نوری ئەحمەد

سەرکردەی لقی چوار لەهەمان فەرماندەیی

کاپتن محەمەد قودسی

کەوەك نوێنەری مەلا مستەفا لەبۆنە تایبەتیەکاندا وتاری لەبری ئەو دەخوێندەوە.

حەمە ڕەشید خانی بانە

فەرماندەی چواری لقی هێزی بارزانیان بەم سپێردرابوو.

بڕیـــاردان لەســـەر دانـــانی ئەفـــسەرو دامەزرانـــدنیانو پلـــە پێبەیخـشینیانو بەرزکردنـەوەیان وەزیـری هێـز دەری کـردووە، یەکێك لەمەعاونەکانی حەربی یان سیاسی یان سەرۆکی دەفتەری وەزارەت جێبەجێی کـردووە[8] بـەم شـێوەیە کۆمـاری کوردسـتان پێك هاتوو دامودەزگاکانی کەوتنە گەڕ تـا رادەیـەك پێـشکەوتنی باشی بەخۆیەوە بینی لەو ماوە کورتەی تەمەنیدا.

## بەشی سێیەم:/

کۆمـاری کوردسـتان مـەهاباد لەروانگـەی پایـەکانی دەوڵـەت، پرەنسیپی مافی چارەی خۆنوسین

### یەکەم:

لەروانگـــەی پایـــەکانی دەوڵەتـــەوە: لێـــرەدا بەڵگەنامەیـــەکی نێودەوڵـەتی بـیر دەهێنینـەوە بـۆ باسـکردنی پایـەکانی دەوڵـەت بەشێوەیەکی راستەوخۆ کەئەویش بڕیاری (دادگـای حـوکم کردنـی تێکەڵاوی ئەڵمانیاو پۆڵۆنیایە کە لە 1ی ئـابی 1929 دەرچووە





لەبارەی بابەتی کارگەی غازی ئەڵمانی "قرار محکه تحکیم مخگلتـه المانیا- البولونیا صـادر فـی 1ی أب 1929 بـشأن قـچیه غـاز المانیا) کە تێیدا هاتووە "دەوڵەت بوونی نییـە تـەنها بەمـەرجێك کـەدەبێ هـەرێمی هـەبێ دانیـشتوانی تیایـدا نیـشتەجێ بـووبن, دەسـەڵاتی گـشتی هـەبێ کەمومارەسـەی دەسـەڵاتەکانی بکـات لەسەر دانیشتوانەکەیو هەرێمەکەی"[9]، بەگشتی ئەمە پێناسەی پایەکانی دەوڵەتە کەزاناکان پێناسەکانی خۆیان لەسەر دارِشتووەو پێناســەی دەوڵــەت کەپــشتی بەســتووە بەپایــەکانی ئەوەیــە " کەدەوڵەت کۆمـەڵە کەسـانێکن نیـشتەجێ بـوون لـەناو سـنوێکی دیاریکراودا لەزەوی لەژێر سایەی سستەمێکی بەردەوام کەئامانجی دابـین کردنـی بـڵاو بونـەوەی یەکـسانیە لەرێگـەی یاسـاوە"[10]. لێرەوە بەکورتی بەراورد هەر سێ پایەکانی دەوڵەت دەکەین لەسەر کۆماری کوردستان- مەهاباد:

**ا. گەل (دانیشتوان):**

وەك لەپێشەوە باسمان كرد كەگەل واتە دانیشتوان پایەیەكی گرنگی پێكهێنانی دەوڵەتە بەبێ بوونی گەل دەوڵەت بوونی نییەو چەند پێناسەیەكمان لەسەر گەل كرد لەروانگەی ئەو پێناسانەوە بۆمان دەردەكەوێت كەژمارەی دانیشتوانی كۆماری كوردستان-مەهاباد دەگاتە ئەو ڕێژەیەی كەبتوانن دەوڵەت پێك بهێنن هەرچەندە ژمارەیەكی دیاریكراو لەبەردەستدانییە، بەڵام ئەوكاتە ژمارەی دانیشتوانی كوردستانی ڕۆژهەڵات بەزیاتر لە(3) ملیۆن مەزەندە دەكرا، هەرچەندە بەشێكی كوردستان ڕزگار نەكرا بوو هێشتا لەژێر دەستی حكومەتی ئێراندا بوە، بەڵام هەوڵو بەرنامەی ڕزگاركردنی هەبوو لەلایەن حكومەتی كوردستانەوە، لەوتارەكەی پێشەوا قازی محەمەدا زۆر بەراشكاوانە ئیشارەت بەبوونی میلەتێكی وا گەورە نیشتەجێ بەشێوەی بەردەوامو فیداكار لەپێناو بەدەستهێنانی مافەكانیدا وەدیار دەكەوت،





ژمارەی دانیشتوانی كۆماری كوردستان ئەگەر بەراوردی بكەین لەگەڵ زۆر دەوڵەتی تردا لەوان زیاتر بووە، كەئەو دەوڵەتانە دانیشیان پیا نراوە، گەلی كورد لەدێر زەمانەوە لەسەر ئەو خاكەی خۆیان ژیاون، وشەی كوردستان خۆی لەخۆیدا مانای وڵاتی كوردان دەبەخشێ.

**ب. هەرێم:**

لەپایەكانی دەوڵەتدا باسمان كرد كەهەرێم ئەو ناوچە جوگرافیەیە دانیشتوان تیایدا نیشتەجێ دەبنو دەوڵەت دەسەڵاتەكانو سەربەخۆیی خۆی تێدا جێ بەجێ دەكات، هەر كۆمەڵە كەسانێك چەند پەیوەندی لەنێوانیاندا هەبێت، ناتوانن دەوڵەت دروست بكەن ئەگەر خاكێك نەبێ لەسەری نیشتەجێ بن، كەدیاریكراو بێ بەوانەوەو جێگیر بن لەسەری، لێرەوە بۆمان دەردەكەوێت كەكوردستانی ڕۆژهەڵات پانتاییەكی تەواوی هەیە كەروبەرەكەی چەند هێندەی هەندێك دەوڵەتە كەئێستا دانیان پیا نراوەو

سەربەخۆن، هەروەك مەرجی جێگیری‌و دیاریکراوی تیادا بەرجەستەیە، سنوری بەکۆماری ئازەربایجان‌و سۆڤیەت‌و ئێران‌و عیراقەوەیە، ناوی کوردستان خۆشی لەخۆیدا مانای ولاّتی کوردان دەبەخشێ‌و مافی خۆیانە، لەدێر زەمانەوە کوردان لەسەر ئەم خاکە نیشتەجێن‌و خورەوشتی تایبەت بەخۆیان هەیەو ئاین‌و زمان‌و رۆشنبیری‌و کەلەپوری خۆیان لەسەر خاکی خۆیان هەیە، هەرچەندە بەشێکی خاکەکەیان لەژێر چنگی دوژمناندا مابۆوەو هەولّی رزگارکردنی لەئارادا بوو.

پێشەوا قازی محەمەد لەوتارەکەی راگەیاندنی کۆماردا دەلّێ: "گەلی کورد گەلێکە زاتیەتی تایبەتی خۆی هەیە، ئەرزی تایبەتی خۆی هەیە، وەکو هەموو گەلان مافی بڕیاردانی چارەنوسی خۆی هەیە"[11].

ئینجا بلاّوی کردەوە کەئیتر ولاّتی سابلاّخ لەحکومەتی تاران جیابۆوە، لەئێستا بەدواوە رای دەگەیەنێت کە سەربەخۆیە.





هەروەها قازی محەمەد لەوتارەکەیدا پێی لەسەر ئەوە داگرت کەکوردستان لەروی جوگرافیەوە تایبەتمەندی خۆی هەیەو کوردی تێدا جێگیرەو هیچ میللەتێکی تر لەگەلّ سنوری خۆیدا جیای ناکاتەوە، کەئەمانەش بەلّگەی بونی هەرێمێکی سەربەخۆی تایبەت بەکوردان دەگەیەنێت[12].

**ج. سستەمی سیاسی (حکومەت):**

وەك لەپێشەوە باسمان کرد دەولّەت هەرچەندە دوو پایەی گەل‌و هەرێمی تیا بێت، بەبێ پایەی سێیەم کەسیستەمی سیاسییە پێی ناوترێت دەولّەت‌و بوونی سیستەمی سیاسیش ئەم دەزگایانە دەگرێتەوە:

**1. دەسەلاّتی یاسا دانان:**

لەکۆماری کوردستان مەهاباتدا دەسەلاّتی یاسادانان وەك پەرلەمانێکی هەلّبژێردراو نەبوو, بەلاّم لەجیاتی ئەوە سەرکۆمار شوێنی گرتبۆوە کەسستمی کۆماری هەبوو، پێشەوا قازی محەمەد سەرکۆمار بوو بڕیارەکان لەوەوە دەردەچوو بۆ دەسەلاّتی جێبەجێ

**کردن، لەرۆژی راگەیاندنی کۆماردا چەند داوایەك لەکۆمیتەی ناوەندی حزبی دیموکرات کراوە کەیەکێك لەو داوایانە تایبەت بووە بە (هەڵبژاردنی ئەنجومەنی شورا) کەجێگەی پەرلەمانی ئێستا دەگرێتەوە، ئەنجومەنێکیش هەبووە بەناوی (هەیئەی رەئیسی میللی کوردستان) کەژمارەیان 9کەس بووە.**

**2. دەسەڵاتی جێبەجێ کردن:**

**لەکۆماری کوردستاندا دەسەڵاتی جێبەجێ کردن بۆ ڕاپەراندنی ئیشو کاری حکومەت بەتەواوی دامەزرا بوو، کەسەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانو سیانزە وەزارەتی لەخۆ گرتبوو، کەئەم وەزارەتانەش دامو دەزگای تریان دامەزراند بوو کەبەردەوام بۆ حزمەت کردنو راپەڕاندنی کاروباری هاووڵاتیانو پەیوەندی کۆمارەکەو پاراستنی سنورەکانی، پاراستنی ئاسایشی سنوری کۆمارەکە لەهەڵسوڕانو کارکردندا بوو "کە لەروی ئاسایشەوە کۆمارەکە سەرکەوتنێکی باشی بەدەست هێنا بوو، لەماوەی**





**حوکمڕانیدا بەقسەی د.قاسملو تەنها یەك کەس کوژراوە لەکاتێکدا هەزاران کەس چەکدار بوون"[(13)].**

**3. دەسەڵاتی دادگا:**

**کۆماری کوردستان زۆر گرنگی بەم بوارەشدا، هەر لەدامەزراندنی کۆمارەکەو راگەیاندنیدا وەزارەتی دادی دامەزراند کە(مەلا حسێن مەجدی) وەزیری داد بوو، هەرچەند ماوەی کۆمارەکە کورت بوو, بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم بوارە وەزارەتو هەندێ دەزگای تری دامەزراند، هەوڵی باشی دەدا بۆ جێبەجێ کردنی یاساو بەرقەرابوونی یاسا، هەر ئەوەش بوو کە لەو ماوە کورتەدا کەمترین پشێویو کوشتن هەبوو لەگەڵ بوونی هێزی چەکداری میلیشیایی.**

**کەواتە ئەگەر ئاوڕێك بدەینەوە لەکۆماری کوردستان، بەراوردێك بکەین لەڕوانگەی پایەکانی دەوڵەت هەر سێ پایەی (گەل، هەرێم، سستەمی سیاسی) لەکۆمارەکەدا هەبوو، ئەمەش مانای بوونی**

یاسایی کۆماری کوردستان دەبەخشێت بەپێی یاسای گشتی نێودەوڵەتی، کەمەرجێکی گرنگی دەوڵەت بوونی پایەکانی دەوڵەتە.

**دووەم:**

**کۆماری کوردستان-مەهاباد لەروانگەی پرەنسیپی مافی چارەی خۆنوسین بۆ گەلان:**

پرەنسیپی دیاری کردنی مافی چارەی خۆنوسینی گەلانو میللەتان جێگایەکی دیاری هەیە لەیاسای گشتی نێودەوڵەتاندا، ئەم پرەنسیپە پەیوەستە بەچەند بنەمایەکی یاساییەوە، کە بەدرێژایی مێژوو, گەلان لەسەر بناغەی (سەپاندن) واتە خەبات کردن لەپێناو دەستگیر کردنیدا لایەنی بەرامبەریان ناچار کردووە ملی بۆبدات، یاخود لەسەر بناغەی (رێککەوتن) کەئەویش لەرێگەی دانیشتنو گفتوگۆی ئاشتیانەوە توانیویانە پێی بگەن،





زۆر لەگەلانی جیهان سودیان لەپرەنسیپی مافی چارەی خۆنوسین وەرگرتووەو بەمافی خۆیان گەیشتوون، بەڵام گەلی کورد کە لەهەموو قۆناغەکانو گۆڕانکارییەکاندا خاوەنی شۆڕشو سەرکردەو پیاوی ئازاو شارەزا بووە، بەڵام بەداخەوە سودی لەپرەنسیپەکانی مافی چارەی خۆنوسین نەبینیوەو هەموو جارێک سەرکوت کراوەو خەباتەکەی خەفە کراوە، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کەکورد وەك پێویست لەبواری سیاسەتی نێودەوڵەتیو یاسای گشتی نێودەوڵەتان کەمتر گرنگی بەکێشە رەواکەی داوە بۆیە پێویستە لەم بوارەدا لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی لەسەر بکرێتو، بتوانێت بەپێی ئەو پرەنسیپانە کێشەکەی بەجیهان بناسێنێت.

کۆماری کوردستان مهاباد هەموو بارە یاسایەکانی تێدا بەرجەستە بوو، ئەگەر پەیوەندی نێودەوڵەتیو چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەو پرەنسیپانەو بەرگری کردن لەمافەکانی لەو رێگەیەوە بوایە بەدڵنیایی پشتگیری زیاتر بۆ پەیدا دەبوو، جا

لێرەدا لەسەر مێژوو پرەنسیپی مافی چارەی خۆنوسینو بەشێك لەبەندەکانی ئەو پرەنسیپە شی دەکەینەوەو بەراورد بەو پرەنسیپانە تەماشای یاسایی بوونی کۆماری کوردستان-مەهاباد دەکەین.

بەڵگە مێژوویەکان دەری دەخەن کەرەگی ئەم مافە دەگەڕێتەوە بۆ کاتی شەڕی ئیسپانیاو نیوزلاند لەساڵانی (1566-1609)، کەبووە هۆی جیابونەوەی وڵاتی نیوزلاند لەئیسپانیاو پێکهێنانی وڵاتێکی سەربەخۆ، هەندێکیتر دەیگەڕێننەوە بۆ ئاینی ئیسلامو بۆ ئەمەش سودیان لەشەریعەتی ئیسلامی وەرگرتووە کەپڕاوپڕە لەبنەماکانی ئازادیو یەکسانی، ئەمەش لەئایەتی (39ی سورەتی الحج)دا دەردەکەوێت کەدەفەرموێت (اڑن للڑینە یقاتلون بئنهم ڤلموا وان الله علی نصرهم لقدیر)، لێرەدا گرنگە ئاماژە بەفورمودەیەکی خەلیفە عومەری کوڕی خەتاب بدەین کەدەفەرموێت "متی استعبدهم الناس وقد ولدتهم أومهاتهم





أحرارا"، کەبەمەش جەخت لەواتاکانی یەکسانیو ئازادی ئەکاتەوە لەنێوان خەڵکدا بەبێ جیاوازی.

هەندێکیتریش لایان وایە لەروی مێژووییەوە سەرەتاکانی ئەم مافە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بیرو رایانەی لەئەنجامی هەردووك شۆڕشی ئەمریکا لەساڵی 1776و فەرەنسا لەساڵی 1789دا هاتنە کایەوە، کەیاساکان بەر لەو دوو شۆڕشە مافی تەواویان دەدایە دەوڵەتی داگیر کەر لەچۆنیەتی مامەڵە کردن لەروی کارگێڕیو تەشکیلەی حکومیەوە بەبێ رەچاو کردنی مافی هاووڵاتیانی هەرێمە داگیرکراوە بندەستەکانیان، بەڵام دەرکەوتنی شۆڕشی ئەمریکی دەورێکی باشی گێڕا لەدەرخستنی راستیەکان، کەسەرکردەی ئەمریکی (ولسن) لەچوارچێوەی ئەو چواردە خاڵەی نوسینیەوەو خستنیە روو بۆ داکۆکی کردن لەمافی گەلان کەمافی گەلانی دان پیا ئەنا لەجێگیریو نەگۆڕی، شۆڕشی فەرەنسا پشتگیری کرد لەناوەڕۆکی مافی چارەی خۆنوسین

لەرێگەی پشتگیری کردنی بیرو بۆچوونی ئازادیو یەکسانیو سەربەخۆیی گەلانو حەرام کردنی پێکەوە لکان بەبێ وەرگرتنی دەنگی گەلان خۆیان لەسەری. وەلەجەنگی یەکەمی جیهاندا لەسەردەمی کۆمەڵەی گەلان بنەمای مافی چارەنوس هەنگاوێکی زیاتری نا، ئەویش لەئەنجامی ئەوەدا کە وەك رێگایەك بەکار دەهێنرا بۆ هەڵوەشاندنەوەی ولاتە دۆڕاوەکانی جەنگ. هەندێکیش مێژووەکەی دەگەرێنێتەوە بۆ سەردەمی شۆڕشی بەلشەفیەکان لەساڵی 1917 کە لەلایەن لینینەوە سەرکردایەتی ئەکرا(14).

ولسن لەکاتی شەڕی یەکەمی جیهانیداو لەو نامەیەشدا کەئاراستەی کۆنگرێسی ولاتەکەی کردووە لەساڵی 1917دا جەختی لەسەر بنەمای مافی چارەنوس کردۆتەوەو تەنانەت یەکێ لەگوزارشتەکانیدا دەڵێ"نابێ هیچ گەلێك زۆر لەگەلێکیتر بکات بۆ ئەوەی دوای سیاسەتەکانی بکەوێ، بەڵکو دەبێ رێ بەگەلان بدرێ خۆیان سیاسەتی خۆیانو رێگای پێشکەوتنی





خۆیان هەڵبژێرن بەبێ ئەوەی هیچ جیاوازییەك لەنێوان گەلی بەهێزو گەلی لاوازدا هەبێ".

هەر لەبەر ئەوەش بوو فەرەنساو ئیتالیاو بەرتانیا لەساڵی 1919دا نوسراوێکی هاوبەشیان ئاراستە کردو تیایدا وەك بنەمایەکی گشتی بڕیاردراو هاتووە "ناعەدالەتییەو رێ پێدراو نییە سڕینەوەی سنورو زەویەك کە لەئەنجامی شەڕەوە دەست بەسەر کرابێ و گەلێك تیایدا نیشتەجێ بێ کەبێگانە نەبێو هیوای بەوە بێت ژیانێکی سەربەخۆ بەسەر بەرێتو لەتواناشیدا بێ پارێزگاری لەسەربەخۆییەکەی بکات"(15).

لەمانگی شوباتی ساڵی 1918دا ولسن جارێکیتر جەختی لەسەر مافی چارەی خۆنوسین کردۆتەوەو دەڵێ "پێویستە خواستە نەتەوەییەکان رێزیان لێ بگیرێ، گەلان لەئێستادا دەبێ سەرپەرشتی بکرێنو حوکم بکرێن بەهۆی خواستە تایبەتیەکانی

خۆیانەوە، مافی چارەنوسیش تەنها دروشمێك نییە بەڵكو بنەمایەكە دەبێ كاری پێ بكرێ"[16].

هەرچی كۆمەڵەی گەلانە لەو كاتەدا بنەمای مافی چارەنوسی بەو مانایەی ئێستا هەیەتی لای پەسەند نەبووە، بەڵكو هەندێ یاسای تری بەلاوە پەسەندتر بوو وەك یاسای (انتداب) كەداكۆكی لەمافە تایبەتیەكان ئەكردو نمایندەی قۆناغی گواستنەوەی ئەكرد رووەو سەربەخۆیی سیاسی ئەو گەلانەی جیاكرابونەوە لەدەوڵەتە دۆڕاوەكانیان.

لەلایەكیترەوە كۆمەڵەی گەلان پرەنسیپی مافی چارەنوسی جێبەجێ كرد لەهەندێ جێگادا بۆ نمونە لەچیكۆسلۆفاكیاو ئیرلەندا داو گەرانەوەی (ئەلزاسو لۆرین) بۆ فەرەنسا، بەڵام لەهەمان كاتدا داوای هەندێ لە گەلانی تری رەت كردەوە سەبارەت بەسەربەخۆییو مافی چارەنوسیان لەوانە عێراقو میسرو فلپینو كوباو گەلی كورد كە لەلایەن روناكبیرانو





سەركردایەتی سیاسی ئەوكاتەی كوردەوە نوسراو بەرزكراوەتەوە بۆ كۆمەڵەی گەلان تا مافی چارەنوسیان بدرێتێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەی هاوپەیمانەكان پەیمانی پشتگیریان دابونێ، ئەم مەسەلەیە سەری نەگرت[17].

هەرچی لەپرۆگرامی نەتەوەیەكگرتووەكاندا هاتووە كەباسی مافی چارەی خۆنوسین دەكات، بڕگەی دووەمی بەندی یەكەمی دەستوری رێكخراوی نەتەوەیەكگرتووەكان جەخت لەسەر پێویستی پەرەپێدانی دۆستایەتی لەنێوان میللەتاندا دەكات لەسەر بناغەی رێزگرتنی یەكسانیو مافی دیاریكردنی چارەنوسی گەلان، دوایش دەست بەكاری گونجاوو لەبار بۆ جێگیر كردنی ئاشتیەكی سەراپا گیری، ناوەرۆكی بڕگەی دووەمی بەندی یەكەمی پەیوەندی بەهەموو میللەتانەوە هەیە، بەبێ ئەوەی رەچاوی ئەوە بكرێت ئاخۆ هەر میللەتێك دەوڵەتی هەیە یان نا؟ بۆیە ئەم بڕگەیە هەموو میللەتان بەبێ جیاوازی دەگرێتەوە، پێشەكی دەستوری

نەتەوەیەکگرتووەکانیش هەر بە ناوی گەلانەوە دەستی پێکردووە وەکو دەڵێت (ئێمەی گەلانی نەتەوەیەکگرتووەکان)، نەك بەناوی دەوڵەتانەوە، ئەمەش وا دەگەیەنێت ئەو گەلانەی کە لەژێر چەوساندنەوەی نەتەوایەتیدان، دەتوانن وەکو گەلانی ئازاد مافی خۆیان لەدیاری کردنی چارەنوسدا بەدی بهێنن[18].

بۆ ئەم باسەش پێمان باشە گوزەرێك بەو رێککەوتننامە نێودەوڵەتیانەدا بکەین کەباسو خواستیان لەسەر مافی چارەنوسی گەلانو هاوولاتیان کردووە لەکۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکاندا.

1. **جاڕنامەی گەردونی مافی مرۆڤ:**

جاڕنامەی گەردونی مافی مرۆڤ لەساڵی 1948 لە ژنێڤ مۆر کراوە, بەلام ئەم جاڕنامەیە شتێکی ئەوتۆی لەسەر مافی چارەنوسی گەلان باس نەکردووە بەڵکو زیاتر جەختی لەسەر مافی مرۆڤو تاكو پاراستنی کەرامەتیان کردووە، ئەگەر چی هەندێك





پێیان وایە جاڕنامەکە مافی گەلانیشی پەسەند کردووە لەیەکێ لەبڕگەکانیدا هاتووە "ئیرادەی گەل سەرچاوەی دەسەلاتی حکومەتە"[19].

2. مافی چارەنوس لەجاڕنامەی پاکتاو کردنی داگیرکاری لەساڵی 1960دا

لەخولی پانزەهەمینی 14-کانونی یەکەمی-1960دا نەتەوەیەکگرتووەکان جاڕنامەیەکی داڕشت، بۆ پێدانی سەربەخۆیی بۆ وڵاتو ئەو گەلانەی کەژێر دەستەیی داگیرکەرانن، لەگەڵ ئەوەشدا باس لەیەکڕیزی دەوڵەتو سەلامەتی هەرێمایەتی کردووە، تیایدا هاتووە "سەرجەم گەلان مافی دیاریکردنی چارەنوسیان هەیە، دەتوانن لەو چوارچێوەیەدا ئازادانە خۆیانو باری سیاسیو چاودێری ئازادنەی لایەنە ئابووریو کۆمەڵایەتیو رۆشنبیرییەکانیان بکەن"[20].

3. لەهەردو پەیماننامە نێودەوڵەتیەکەی مافی مرۆڤی ساڵی 1960دا لەمادەی یەکەمی هەردوو پەیمانەکەدا هاتووە:

أ- هەموو گەلێ مافی دیاریکردنی چارەنوسی خۆی هەیەو ئەتوانێ لەو چوارچێوەیەدا ئازادانە خۆیو باری سیاسیو چاودێری ئازادانەی لایەنە سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتیو رۆشنبیرییەکان بکات.

ب- هەموو گەلێ دەتوانێ بەئازادی خێرو بێری سروشتیو سەرمایەکانی بەکار بهێنێ بۆ گەیشتنە ئامانجەکانی، بێ ئەوەی خۆی بگلێنێ لەهاوکاری ئابووری نێودەوڵەتیەوە، کە لەسەر بناغەی بەرژەوەندی هاوبەشو یاسای نێودەوڵەتی داڕێژراوە، نابێ بەهیچ شێوەیەك ئەو گەلانە لەهۆکارە تایبەتیەکانیان بێ بەش بکرێن لەژیاندا.

ج- ئەو دەوڵەتانەی لەم پەیماننامەیەداو ئەوانەش کەلێپرساوێتی ئیداری ئەو هەرێمانەیان لەئەستۆدایە کە مافی حوکمی زاتیان





نیەو لەژێر وەسیەتی دەوڵەتی تردان دەبێ رێگا بەگەلە ژێر دەستەکانیان بدەن بەپێی پرەنسیپەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان[21].

4. لەجاڕنامەی بنەماکانی یاسا نێودەوڵەتیەکاندا لەساڵی 1970 بەنوسراوی ژمارە 2625ی خولی (25)هەمینی 24-تشرینی یەکەمینی 1970دا بڵاوکرایەوەو تێیدا هاتووە "کۆمەڵەی گشتی بڕوای وایە بنەمای مافی یەکسانیو چارەنوسی گەلان کاریگەری گرنگی دەبێ لەسەر یاسای نێودەوڵەتی هاوچەرخو جێبەجێ کردنیشی گرنگیەکی گەورەی هەیە لەباش کردنی بەرژەوەندییەکانی نێوان دەوڵەتەکان"[22]).

بەمەش نەتەوەیەکگرتووەکان رێ لەدەوڵەتەکان دەگرێ هێز بەکاربهێنن لەبەرامبەر کەسەکانیاندا، ئەگەر ئەو گەلانە هەوڵی رزگاربوونی دیاریکردنی چارەنوسیان دا، لەبەرامبەردا رێ دەدا بەگەلانی بن دەست هانا بۆ کۆمەکی دەرەکی بەرن لەکاتی پێویستدا.

بەپێی ئەو باسانەی لێرەدا لێکۆڵینەوەمان لەسەر کرد لەسەر مافی چارەی خۆ نوسینی گەلان لەروی پێناسەو چۆنیەتی بەدەست هێنانی ئەو مافە, مێژووی ئەو پرەنسیپەو رای سیاسەتمەداران‌و دەوڵەتە زلهێزەکان‌و رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان‌و پەیماننامەو رێکەوتننامە نێودەوڵەتیەکان کردویانەو قسەو باسی لەسەر کراوە، کوردیش وەك گەلانی دنیا مافی خۆیەتی بەپێی ئەو پرەنسیپانەو رای ئەو لایەنانەی جیهانی کە لەشێوەی دیاریکردنی مافی چارەنوسی خۆیدا سەربەست بێ، بۆیە کورد لەکوردستانی رۆژهەلاتدا لەساڵی 1946دا بڕیاری پێکهێنانی کۆماری کوردستانی لەناوچەی سابلاخ دا، بۆ ئەمەش کەوتە پەیوەندی دەرەکی‌و پێکهێنانی حوکمێکی خۆماڵی لەناوەوە، بەهیوای پشت بەستن بەدنیای دەرەوە کە لەروی یاسای گشتی نێودەوڵەتیەوە، بەپێی پرەنسیپەکانی مافی چارەی خۆنوسین پشتگیری بکرێت، مافی خۆشی بوو، بەڵام بەداخەوە لەو قۆناغەدا نەکراو نەیتوانی





ئەو پشتگیرییە بەدەست بهێنێت بۆیە خەفە کرایەوەو کۆمارەکە روخێنرا, بەڵام بەپێی هەموو ئەوانەی باسمان کردن کۆمارەکە لەروی یاساییەوە بەپێی یاسای گشتی نێودەوڵەتان کەسایەتی یاسایی نێونەتەوەیی هەبووە ئەگەر بەرژەوەندی زلهێزەکان وای بخواستایە.

## بەشی چوارەم/

### کەسایەتی یاسایی کۆماری کوردستان 1946

دامەزراندنی کۆماری کوردستان کەوەك ئۆرگانێکی دەوڵەتی لەمێژووی گەلی کورددا وەکو هەنگاوێکی بوێرانەو گرنگ بوو ئەگەرچی ئەو ماوەیەی ئەو حوکمی کرد کورت بوو, بەڵام وەکو هۆکارێك‌و قۆناغێك لەبەرجەستە کردنی کەسایەتی یاسایی نێونەتەوەیی گەلی کورددا جێگەی خۆی گرتووە ئەگەرچی ئەو پەیوەندییەی بەدەرەوەی وڵاتەوە هەیبوو کەم‌و سنوردار بوو, بەڵام

لەروی یاساییەوە دەتوانرێت وەك سەردەمێکی دیاریکردنی مافی چارەنوس پێناسە بکرێت، ئەوەش دووەم حکومەتی کوردی بوو کەبەرهەمی خەباتی رزگاریو نەتەوایەتی گەلی کوردە لەو قۆناغەی مێژوودا، دەتوانین بڵێین حکومەتی کوردستان لەکوردستانی رۆژهەڵات لەو کاتەدا حکومەتی بەدیهێنانی مافی چارەنوسی گەلی کورد بوو، بوارێکی گرنگی ئەو حکومەتە هەوڵی باشی بۆ دابوو پەیوەندی دەرەوە بوو، جا ئەو پەیوەندییە ئەگەر دیاریکراوو سنورداریش بوو، یان نیازو سیاسەتی ئەو سەردەمەی یەکێتی سۆڤیەت چی بووە ئەوە گرنگ نییە، بەڵام ئەوەی بەلامانەوە گرنگە لێرەدا دەبێ دەست نیشانی بکەین ئەوەیە کەهەموو گەلێك مافی خۆیەتی هەوڵ بدات پشتگیری نێودەوڵەتی بۆ خۆی بەدەست بهێنێت، تا کەسایەتی نێونەتەوەیی مسۆگەر بکات، بۆیە ئەو پەیوەندییە لەو رۆژگارەدا لەبواری دیبلۆماسیو یاسایىدا چۆنیەتی دان پیانانی دیاری دەکات، بۆیە دەتوانین





بڵێین ئەو پەیوەندییە بواری کەسایەتی یاسایی نێونەتەوەییو پرۆسە کردنی نیشان دەدات بۆ گەلێکی بێ پشتیوانو بێ دەرەتانی وەکو کورد، ئەو کۆمارە لەکردەوەدا وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆ لەپەیوەندی دەرەوەدا کاری دەکرد نمونەش پەیوەندیو رێککەوتننامەکانی لەگەڵ کۆماری ئازەربایجان لە 1946/4/2، 1946/10/16و یەکێتی سۆڤیەت سەربەخۆ وەك دەوڵەت ئەنجامی دەدا.

جگە لەوەش لەوتارەکەی پێشەوا قازی محەمەد لەراگەیاندنی کۆمارەکەدا لە 1946/1/22 لەشاری مەهاباد لەبەردەم جەماوەرێکی زۆردا وتی "کورد گەلێکە زاتیەتی تایبەتی خۆی هەیە، ئەرزی خۆی هەیە، وەکو هەموو گەلان مافی بڕیاردانی چارەنوسی خۆی هەیە، کورد لەنوستنێکی دورو درێژ راپەڕیوەو دۆستی بەهێزیشی هەیە" ئینجا بڵاوی کردەوە کەئیتر وڵاتی سابڵاخ لەحکومەتی تاران جیابۆتەوەو لەئێستا بەدواوە

رایدەگەیەنێت کەحکومەتی سەربەخۆیە[23]. هەروەها لەرۆژی راگەیاندنی کۆماردا ئەم داوایە لەکۆمیتەی ناوەندی حزبی دیموکرات کراوە.

1. سەربەخۆیی ئەو جێگایانەی کەکوردی تێدا دەژین.
2. هەڵبژاردنی ئەنجومەنی شورا.
3. حکومەتی میللی کوردستان ئەنجومەنی وەزیرانو ئیدارەکانی پێك دەهێنێت.
4. هێزی چەکدار پێك دەهێنرێت.
5. پەیوەندی بازرگانیو ئابووری لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێدا پێك بهێنێت.
6. هاوکاریو دۆستایەتی لەگەڵ برا ئازەربایجانیەکاندا هەبێت[24].

قازی محەمەد لەوتارەکەی خۆیدا پێی لەسەر ئەوە داگرت کەکوردستان لەروی جوگرافیەوە تایبەتمەندی خۆی هەیەو کوردی





تێدا جێگیرەو هیچ میللەتێکیتر لەگەڵ خۆیدا جیای ناکاتەوە، کورد تایبەتمەندی نەتەوەییو مێژوویەکی دێرینی هەیە، کلتورو دابو نەریتی نەتەوەیی خۆی هەیە، رۆژگار نەیتوانیوە بیفەوتێنێت.

ئەو حکومەتە کوردییە بەناوی (کۆماری کوردستان) راگەیەنرا، بەڵام حکومەتی ئێران شاهنشایی بوو، لەبەر ئەوە ناتوانین لەروی یاساییەوە سستەمێکی کۆماری جێگە بکەینەوە لەچوارچێوەی دەوڵەتێکدا کەسستەمەکەی ئیمپراتۆری شاهنشایی بێت.

لە فەسڵی سێیەمی مەرام نامەی حزبی دیموکراتدا ئەوە دیاریکراوە "حکومەت بە لەبەرچاو گرتنی قازانجەکانی خۆی پەیوەندی فەرهەنگیو ئابوری لەگەڵ دەوڵەتانیتر، لەپلەی یەکەمدا لەگەڵ دەوڵەتی گەورەی یەکێتی سۆڤیەت دادەمەزرێنێت" هەروەها تیایدا هاتووە "حکومەتی ناوچەی کوردستان لەکۆنفرانسە جیهانیەکاندا کە بۆ ژیانی مرۆڤایەتی ئەبەسترێت،

**بەپێی ژمارەی خۆی داوای بەشدار بوون دەکاتو" دەڵێ" حکومەتی خود موختاری کوردستان ئەبێ دەسەڵاتی هەبێ دەرهێنانی کانە دەرهێندراوو دەرنەهێردراوەکانی کوردستان بدات بەهەرکەسێ کەبیەوێ"[25].**

**هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لەسەر کۆمارەکەو دامو دەزگاکانی بەڵگەیەکیتری سەربەخۆیی کۆمارەکە بوو بەپێی هەموو ئەمانەی سەروە کەخۆی لەپەیوەندییە نێودەوڵەتیەکانی کۆمارو وتەکانی پێشەوا قازی محەمەدو هەر سێ خاڵی مەرام نامەی خودی دیموکراتی کوردستانو داواکانی کۆمیتەی ناوەندی حزبی دیموکراتی کوردستان لەرۆژی راگەیاندنی کۆمارەکەدا، هەڵکردنی ئاڵای کوردستان، هەروەها ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ پرەنسیپەکانی مافی چارەی خۆنوسین هەر لەدینی ئیسلامەوە تا کۆمەڵەی گەلانو رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانو جاڕنامەی گەردونی مافی مرۆڤ 1948، رێککەوتننامەو پەیماننامە نێودەوڵەتیەکان.**





**مانای بوونی سەربەخۆیی کۆمارەکەو بناغەن بۆ پرۆسە کردنی کەسایەتی یاسایی نێونەتەوەیی لەیاسای گشتی نێونەتەوەییدا، بەپێی هەموو ئەوانە کورد مافی خۆی بووە کەشێوازی حوکمڕانی خۆی بۆ خۆی دیاری بکاو مافی چارەی خۆنوسینی خۆی هەڵبژێرێت.**

**کۆماری کوردستان بەکردەوە سەربەخۆ بوو، ئەو هەنگاوانەشی کەهاویشتنی نیشانەی سەربەخۆیی کۆمارەکە بوون، بەتایبەتی وەکو کۆمارێکی نەتەوەیی کورد لەدیاریکردنی چارەنوسی گەلی کورددا دیاریدەکرێت، کۆمەڵێك هۆکاری دەرەکیو ناوەك بوونە هۆی روخانی کۆمارەکە، بەتایبەتی کشانەوەی یەکێتی سۆڤیەتو رێککەوتنی لەگەڵ ئێراندا[26].**

## پەراوێزو سەرچاوەکانی بەندی دووەم

1. نەوشیروان مستەفا ئەمین- حکومەتی کوردستان (کورد لەگەمەی سۆڤیەتدا)- اربیل- چاپخانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان- وەزارەتی رۆشنبیری- چاپی یەکەم 1993 ل 56-57-58.
2. هەمان سەرچاوە، ل 60-61-62.
3. هەمان سەرچاوە، ل 62-63-64-65.
4. هەمان سەرچاوە، ل 81-82-83.
5. مەحمودی مەلا عیززەت- جمهوریەتی کوردستان-لێکۆڵینەوەیەکی مێژووییو سیاسی- سلێمانی- دەزگای چاپو پەخشی سەردەم- چاپی دووەم- 2003 ل 137-138-139.
6. هەمان سەرچاوە، ل 140-141.
7. هەمان سەرچاوە، ل 147-148.
8. هەمان سەرچاوە، ل 148-149.





9. عبدلرحمن سلیمان الزیباری- الوچع القانونی للاقلیم کردستان فی ڤل قواعد القانون الدولی العام-کردستان-اربیل-مگبعه وزاره التربیه- الگبعه الاولی- سنه 2002 ص 496.
10. هەمان سەرچاوە، ص 497.
11. د.مارف عومەر گوڵ- کێشەی کەسایەتی یاسایی نەتەوەیی گەلی کورد- سلێمانی- دەزگای چاپو پەخشی سەردەم- چاپی یەکەم- ساڵی 1999 ل 71.
12. هەمان سەرچاوە، ل 71.
13. هەمان سەرچاوە ل 73.
14. عبدالرحمن سلیمان الزیباری- الوچع القانونی للاقلیم کردستان فی ڤل قواعد قانون الدولی العام-کوردستان-اربیل-مگبعه وزاره التربیه- الگبعه الاولی- سنه 2002 ص 327-328-329-331.
15. هەمان سەرچاوە، ل 333-334.
16. هەمان سەرچاوە، ل 335.
17. هەمان سەرچاوە، ل 336.

18. د.مارف عومەر گول- پەیوەندی مەسەلەی کورد بەیاسای نێو دەوڵەتانەوە- لێکۆڵینەوە- چاپو پەخشی سەردەم- چاپی یەکەم- سلێمانی 2002 ل 51-52.

19. عبدالرحمن سليمان الزيباري- الوچع القانوني للاقليم كردستان فى ڤل قواعد قانون الدولى العام-كوردستان-اربيل-مگبعه وزاره التربيه- الگبعه الآولى- سنه 2002 ص 339.

20. هەمان سەرچاوە، ل 339.

21. هەمان سەرچاوە، ل 340.

22. هەمان سەرچاوە، ل 341.

23. مەحمودی مەلا عیززەت- جمهوریەتی کوردستان-لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی‌و سیاسی- سلێمانی- دەزگای چاپو پەخشی سەردەم- چاپی دووەم- 2003 ل 140-141.

24. د.مارف عومەر گول- کێشەی کەسایەتی یاسایی نەتەوەیی گەلی کورد- سلێمانی- دەزگای چاپو پەخشی سەردەم- چاپی یەکەم- ساڵی 1999 ل 71.

25. هەمان سەرچاوە، ل 73.

26. هەمان سەرچاوە، ل 74.

## بەندی سێیەم/ بەڵگەنامەکان

بەشی یەکەم/ بڕیارو راسپاردەکان

بەشی دووەم/ پەیوەندی هەرێمایەتیو نێودەوڵەتی

بەشی سێیەم/رۆژنامەگەری لە کۆماری کوردستان مهاباد 1946

پەراوێزو سەرچاوەکانی بەندی سێیەم





## بەندی سییەم

### بەڵگەنامەکان

### بەشی یەکەم

### بڕیارو راسپاردەکان

کۆماری کوردستان-مەهاباد لەتەمەنی کورتیدا کەزۆر کەم بوو کۆمەڵێك بڕیارو راسپاردەو یاسای هەبووە، کەئەوەندەی ئەکرێتو لەبەردەستدایە لێرەدا دەیانخەینە روو.

هەر لەدەرکردنی بڕیاری دامەزراندنی وەزارەتەکان، هەڵکردنی ئاڵای کوردستانو داگرتنی ئاڵای ئێران، هەتا ئەو یاسایانەی کەتایبەت بوون بەکێشە کۆمەڵایەتیەکان، وەك یاسای قەدەغە کردنی تلیاك کێشان، بەد مەستی، چارەسەری شەڕو ئاژاوە، یاسای تایبەت بەچارەسەر کردنی کێشەی جوتیارانو ژنان، هەروەها دەرکردنی یاسا لەسەر ئەوانەی خیانەتی نیشتمانی دەکەن، دەرکردنی بڕیاری ناسینی زمانی کوردی بەشێوەیەکی

رەسمی لەسەرتاسەری کۆماردا، دەرکردنی چەندین بڕیاریتر وەك ناردنی کادر لەلاوان بۆ دەورەوەی کۆمار بەمەبەستی پەروەردە کردنو پێگەیاندنیان بەشێوەیەکی ئەکادیمی کەبتوانرێت لەکۆماری مەهاباتدا سودیان لێ وەربگیرێت، بڕیاری فرۆشتنی توتنی ناوچەی سابلاّخ کەبەرهەمی جوتیارانی دەڤەرەکە بوو بەسۆڤیەت، هەروەها بڕیاری دامەزراندنی سوپای کوردستان، چەندین بڕیاری تر کە لەوەزارەتی پێشمەرگەوە دەردەچوو بۆ رێکخستنو سازدانو فەرمانی دامەزراندنو ئەفسەرو پلە پێبەخشینو پلە بەرز کردنەوە کەوەزیری پێشمەرگە دەری دەکرد، دەزگاکانی خوارەوەو هێزی پێشمەرگە جێبەجێیان دەکرد[1] وەکو(بڕیاری ژمارە 15-280بەروار 1⁄3⁄325، هێزی دیموکراتی کوردستان، ستادی ناوەندی

پەخشنامە وەزارەت





پان پۆل پۆنیك ئاغای محەمەد نانەوازادە، کەبەهۆی حوکم ژمارە 307-29-2-25 بە مەعاونی سیاسی وەزارەتی هێزی کوردستان ئینتساب کراوە بەرامبەر بەو پەخشنامەیە لەغیابی وەزیری هێزدا دەتوانێ لەجەلەساتی سیاسیو غیرەی موشکیلەی وەزارەت مانانو هەیئەتی بەرزی میللیدا شیرکەت بکات)[2].

وەزیری هێزی جمهوریەتی کوردستان

سەیفی قازی

چەندین بڕیاری تر تایبەت بەسوپای میللی کوردستان دەرچووە، ئەو بڕیارەی سەرەوە نمونەیەك بوو، هەروەها بەچاوخشاندنێکی خێراو سەرنج دان لەبرای ناوخۆی کۆمار لەروی کۆمەلاّیەتیو فەرهەنگیو سیاسیەوە بۆمان دەرئەکەوێت کەچەندین هەنگاوی باش نراوە بۆ دامەزراندنو گەشە پێدانیچەندین رێکخراوی

جیاجیای شارستانی، بۆ سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵو کۆکردنەوەیان لەدەوری ئەو ڕێکخراوانەو گرنگیدان پێیان، وەك (ڕێکخراوی جوتیاران، ژنان، لاوان..هتد) کەئەم هەنگاوانە خۆی لەخۆیدا نیشانەی دامەزراندنی کۆمەڵگای مەدەنیە، کۆمەڵگای مەدەنیش بە پێی یاساو لەدەوڵەتی یاسادا هەنگاوی جێبەجێ بوونی بۆ ئەنرێت بۆیە ئەتوانین بڵێین کۆماری کوردستان لەروی یاساییەوە وەك دەوڵەت ئەژمێردرێت، کەسایەتی یاسایی نێونەتەوەیی بەرجەستە بووە.

**بەشی دووەم** پەیوەندی هەرێمایەتیو نێو دەوڵەتی

پەیوەندی نێودەوڵەتیو هەرێمایەتی هەموو دەوڵەتێك یان ئیدارەیەك لەگەڵ دەوڵەتانو گەلانی دراوسێی لایەنی گرنگی ناساندنو گەشەکردنو سەقامگیر بوونی ئەو دەوڵەتەن هەر بۆیە کۆماری کوردستان-مەهاباد زۆر گرنگی بەم بوارەی داوەو هەر





لەسەرەتای دامەزراندنیەوە هەوڵی باشی داوە بۆ پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەرێمو دەوڵەتانی دراوسێی چ لەبواری سیاسی یان سەربازی یان بازرگانی یان رۆشنبیریدا بۆ ئەم مەبەستەش چەندین ڕێککەوتننامەو سەردانو کۆبونەوەی ئەنجام داوە وەك :

**یەکەم: پەیوەندی کۆماری کوردستان- مەهابادو کۆماری ئازەربایجان**

ئەم دوو کۆمارە کەهەردوکیان مەترسیو پیلانی تارانیان لەسەر بوو, هاوسنور بوونو زۆر خاڵی هاوبەش لەنێوانیاندا هەبوو پێویستیان بەیەکتری هەبوو، بۆیە دەبوایە پەیوەندی توندوتۆڵ دروست بکەنو هاوکاری یەکتر بکەن بەتایبەتی لەبواری سەربازیو بەرگری کردن، کەکۆماری ئازەربایجان حکومەتێکی گەورەترو بەهێزترو پڕ چەك تر بوو, هێڵی بەرگریشی بەهێزتر بوو چارەنوسی هەردوو کۆمارەکە وەك یەك وابوو بەتایبەتی لەبەرامبەر دوژمنی سەرەکی هەردوولادا کەتاران بوو، بۆیە بۆ

بەدەستهێنانی ئامانجەکانیان دەبوایە لەسەرەتاوە کێشەکانیان چارەسەر بکەن ناکۆکیەکانیان لەسەر سنورو هۆزو خێڵەکانو شێوەی بەرێوەبردنی ناوچەو شارە تێکەڵەکان کە کوردو ئازەرو کەمینەی تریشی لەخۆ گرتبوو کە لەخوی، شاپور، ورمێ، ماکۆ، میاندواو پێکەوە ئەژیان چارەسەری بکەن، کاتێکیش سۆڤیەتیەکان هەستیان بەو ناکۆکیانە کرد بۆ ئەوەی تەشەنە نەکاتو زیان لەبارو دۆخەکە نەدات بەقازانجی دوژمنان نەشکێتەوە کەوتنە هەوڵ دان بۆ کۆکردنەوەی هەردولا بۆ پێکهاتنیان کەبڕیاریاندا لەتەورێز کۆببنەوە[3].





"وەفدی کۆماری کوردستان پێك هاتبوو لە:

1.قازی محەمەد

2.محەمەد حسێن سەیفی قازی

3.سەید عەبدوڵڵا گەیلانی

4.عومەرخانی شکاك

5.رەشیدبەگ هەرکی

6.زێڕۆبەگ هەرکی

7.قازی محەمەد خزری شنۆیی

وەفدی کۆماری ئازەربایجان پێك هاتبوو لە:

1.جەعفەر پیشەوەری

2.حاجی میرزا عەلی شیستیری

3.صاحق بادکان

4.سەلامولڵا جاوید

5.محەمەد بیریا

دوای دانیشتن‌و گفتوگۆ له 23ی نیسانی 1946 دا لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە ڕێککەوتن:

**ماددەی یەکەم:**

هەرکاتێك هەردوولا بەپێویستیان زانی هەریەکە نوێنەری خۆی هەبێ لەوڵاتی ئەویتردا.

**ماددەی دووەم:**

لەناوچەکانی ئازەربایجاندا کەکوردی زیاتر بێ لەتورك کورد لەدائیرەکانی حکومەتدا دابنرێ، لەکوردستانیش هەر بەهەمان شێوە.

**ماددەی سێیەم:**

هەردوو حکومەت لیژنەیەکی ئابووری پێك دەهێنن بۆ چارەسەر کردنی کێشە ئابووریەکان بڕیارەکانی ئەم لیژنەیە دەبێ سەرۆکی هەردوولا جێ‌بەجێی بکەن.





**ماددەی چوارەم:**

لەکاتی پێویستیدا هەدوولا پەیمانی سەربازی دەبەستن‌و هەریەکە یارمەتی ئەویتر دەدات.

**ماددەی پێنجەم:**

هیچ جۆرە وتووێژێك نابێت لەگەڵ تاراندا بکرێت بەرەزامەندی لاکەی‌تر نەبێت.

**ماددەی شەشەم:**

حکومەتی ئازەربایجان هەنگاوی پێویست دەنێت بۆ هاوبەشی لەپێشخستنی زمان‌و ڕۆشنبیری کوردەکانی سنوری ئازەربایجان، هەروەها حکومەتی کوردستانیش بۆ ئازەرییەکان هەمان هەنگاو دەنێت.

**ماددەی حەوتەم:**

هەرکەسێك هەوڵ بدات یەکێتی مێژوویی‌و هاوکاری هەردوو گەل تێك بدات‌و یەکێتیی نیشتمانیان لەناو بەرێت هەردوو گەل سزای دەدەن"[4].

هەردوو کۆمارەکە وەك دوو دەوڵەتی سەربەخۆو جیابوەوە لەتاران ئەم رێککەوتننامەیان ئیمزا کرد.

"لە 16ی تشرینی یەکەمی 1946دا پەیمانی سەربازی لەنێوان هەردوو کۆماری مەهابادو کۆماری ئازەربایجان مۆر کرا بەم جۆرەی خوارەوە:

1. دروستکردنی لەشکرێکی ئازەری کوردی کەشوێنی تەورێز بێت.
2. ناردنی لەشکری نیزامی ئازەربایجان بۆ قۆڵی سەقز لەکوردستان‌و ناردنی لەشکری غەیرە نیزامی کوردستان بۆ ئازەربایجان ئەگەر پێویست بوو.





3. دانانی جەنەراڵ عەزیمی ئازەربایجانی بۆ سەرۆکی گشتی لەقۆڵەکانی سەقز سەردەشت لەکوردستان، لەهۆلامۆر هەوشار لەئازەربایجان.
4. دانانی مەلا مستەفا بەسەرۆکی گشتی کوردی‌و ئازەری لەناوچەی سەقز.
5. ناوچەی هەوشار لەئازەربایجان لەژێر چاودێری محەمەد حسێن سەیفی قازیدا بێت.
6. قازی محەمەد سەرۆکی گشتی هەرە بەرز بێت لەسەر هێزەکانی ئازەربایجان کوردستان, بەلام لەژێر رەنگ رشتنی جەنەراڵ عەزیمیدا.
7. پیشەوەری سەرۆکی هەرە بەرز بێت بۆ هێزە شەڕ کەرەکانی کوردی ئازەری لەئازەربایجان.
8. هێزی کوردی هەر یارمەتیەکی تری ویست ئازەربایجان دەستیان بۆ درێژ دەکات"[5].

شایانی باسە ئەم پەیمانەش لەنێوان ئەو دوو کۆمارەدا وەك دوو دەوڵەتی سەربەخۆ ئەنجام درا لەژێر ناوی (کمسیۆنی دیفاع مشترکی ئازەربایجانو کوردستاندا) بوو، هیوای هەردوولای بەهێز کردو تەمو مژی ناکۆکی رەواندەوە.

**دووەم:**

**پەیوەندی بازرگانی کۆماری کوردستانو سۆڤیەت**

گەورەترین داهاتی کوردستان (مەهاباد) بەرهەمی توتن بوو کە توتنی ساڵی 1945 مابۆوە لەبەرێوەبەرایەتی کۆکردنەوەی توتن (دائرە الانحسار) کەحکومەتی ئێران لەجوتیارەکانی کڕیبۆوە, بەڵام 10٪ی نرخەکەی دابوو, حکومەتی کوردستان لەکۆتایی مانگی نیسانی 1946 بەفەرمانی سەرۆك (قازی محەمەد) نوێنەری خۆی نارد بۆ تەبرێز بۆ ئاگادار کردنەوەی روسەکان لەرێگەی (د.سەمدۆڤ) کە وا توتنی کوردی ئامادەیە بۆ فرۆشتنو د.سەمدۆڤ ئاگاداری کردن کەئاگاداری حکومەتی ئێران





بکەن بەنوسراوێك کەبابێن ئەو باقی پارەیتری توتنی کوردی بدەنو توتنەکە بەرن، نسخەیەك لەو نوسراوە بدەن بەنوێنەری مەهاباد لەپەرلەمانی ئێرانی (سەدری قازی). ئەگەر لەماوەی پێنج رۆژدا وەڵامیان نەبوو ئەوا ئەفسەرێکی بازرگانی سۆڤێتی لەتارانەوە دەنێرێت کەناوی (ئاغابیکۆف) بۆ کوردستان بۆ گۆڕینەوەی توتنەکان لەگەڵیاندا. بەم شێوەیە هەموو بەرهەمی توتنی کوردستان فرۆشرا بەسۆڤیەت لەسەرەتای مانگی ئایاری 1946 کە کۆی نرخەکەی (8) ملیۆن دۆلار بوو کە بەدراوی ئێرانی دراو گۆڕدرایەوە بە کەلو پەلی روسی لەشەکرو قوماشی لۆکەو شوشەو کەلو پەلیتر. لەگەڵ ئەوەی کەئەو نرخەی پێی فرۆشرا بوو کەمتر بوو لەو نرخەی بەئێران فرۆشرا بوو, بەڵام کۆی گشتی نرخەکە زیاتر بوو لەوەی ئێران لەبەر ئەوە کێشەکەی زیاتر بوو لەو کێشەی فەرمانبەرە ئێرانیەکان دایان نابوو کە بڕی یەك ملیۆنو هەشت سەدو حەفتاو پێنج هەزارو پێنج سەد کیلۆ

لەتوتنی کوردستان پەڕێنرایەوە بۆ سۆڤیەت لەروباری ئاراسەوە"[6].

<u>**سێیەم:**</u>

**پەیوەندی سەربازی کۆماری کوردستانو سۆڤیەت**

لەنیسانی 1946 حکومەتی سۆڤیەت چەند خوێندکارێکی کوردی لەکۆماری کوردستانەوە وەرگرت بۆ خوێندن لەخوێندنی بواری سەربازیو بەڕێوەبردن لەخوێندنگەیەکی سەربازی"لەباکۆ" کەیەکەم جار چوار خوێندکار وەرگیران دوای ئەوە بەماوەی پانزە رۆژیتر بیست خویندکاری تر پەیوەندییان پێوە کردنو دوای ئەوە ژمارەی خوێندکارە کوردەکان کەوەرگیرا لەکۆلێژی سەربازی باکۆ گەیشتە شەست خوێندکار. کەئەم خوێندکارانە لەکوردستانەوە دەنێردرانە تەبرێزو لەوێشەوە بۆ باکۆ دەگوێزرانەوە لەروسیا. ئەم خوێندکارانە پۆلین دەکران بە پێی توانای زانستیان، حکومەتی





سۆڤیەت هەموو خەرجیەکی دەکێشانو بەڕێوەی دەبردن، بە بەرنامەی نیشتمانیو پەیوەندی باش لەگەڵ ئازەربایجانو دەستکەوتەکانی یەکێتی سۆڤیەتو رێز گرتنی ستالینو پرەنسیپی نیشتمانی کوردی پەروەردەیان دەکردن.

هەر لەنیسانی 1946دا دوو سەد هەزارو دوو سەد کلاشنکۆفیان گەیاندە مەهاباد لەلایەن سۆڤیەتیەکانەوە، لەمانگی کانونی یەکەمی هەمان ساڵدا چاپەمەنیەکی بەنرخو گەورەیان نارده مەهابادو دایاننا، هەروەها هەشت ئۆتۆمبیلی بارکراو بە کەلو پەلی سەربازیو چەکی سوکەوە گەیەنرانە مەهابادو دوای ئەوە پێنج ئۆتۆمبیلی چەكو کەلو پەلی تری سەربازی گەیەنرانە مەهاباد.

حکومەتی کوردستان داوای چەکی قورس لەجۆری تۆپو دەبابە کرد، سۆڤیەت بەڵێنی دا کەهێزی کوردی بەو چەکانەش تەیار بکات بەڵام ئەمەیان بەئەنجام نەگەیاند، ئەمانەی سەرەوە بەشێك

بوون لەهاوکاریو پەیوەندی سەربازی نێوان حکومەتی کوردستانو حکومەتی سۆڤیەت[7].

**چوارەم:**

**پەیوەندی سیاسی یەکێتی سۆڤیەتو کوردو سەرەتای دامەزراندنی کۆماری کوردستان- مەهاباد**

کاتێك هەڵو مەرجی سیاسی سۆڤیەت وای دەخواست لەگەڵ گەلانی ناوچەکە پەیوەندی هەبێتو گرنگیان پێ بدات وەك گەلانی ئازەریو کوردی کەئەو کاتە گوشاری سیاسی لەسەر سۆڤیەت زیاتر دەکرا دەرکەوتنی شەڕی ساردو ململانێی ئایدیۆلۆجیو فراوان کردنی سنوری بلۆك کەبلۆکی رۆژئاواو رۆژهەلات بوونو گرنگی ئێران بۆ هەردوو بلۆکەکە لەروی ستراتیژیو ئابورییەوەو بوونی کورد خۆیو جۆرێك لەئیدارەی خۆماڵی کوردیو گەشە کردنو سەرهەڵدانی بزوتنەوەی





کوردایەتی لەناوچەی مەهابادو دەورو بەری بەتایبەتی پاراستنی سنورەکانی بەهۆی هێزێکی چەکداری کوردیو بوونی پێشەوا (قازی محەمەد) و هەیئەتێکی میللی بۆ بەرێوە بردنی ناوچە کوردییەکان هەموو ئەمانە هەڵو مەرجێکی وایان هێنایە کایەوە کەهەڵوێستی سۆڤیەت وەك جاران نەمێنێو دەبوایە کار بۆ مانۆڕی سیاسیو گوشاری کارتی سیاسی بکرێت لەململانێی ئایدیۆلۆجیو فراوان کردنی سنوری قەڵەم رەوی بلۆك. بۆیە روسەکان کەوتنە فراوان کردنی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ کوردو ئازەردا، ئەمەش وای کرد کە لەنیوەی دووەمی ساڵی 1945دا جەنەراڵ (سەلیم ئەتاکشۆف) کەلێپرسراوی سیاسی بوو لەتەبرێز ئاگاداری قازی محەمەدی کرد کەکاتی ئەوە هاتووە وەفدێکی نوێنەرانی کورد سەردانی سۆڤیەت بکەنو داواو دڵخوازیەکانی گەلی کوردو مافە نەتەوەییەکانیان بخەنە پێش چاو و داوای پشتگیریو یارمەتی لەسۆڤیەت بکەن، سەرکردایەتی کوردیش ئەم

هەڵەی قۆستەوە بەسەرەتایەکی باشی لەقەڵەم داو وەفدێکی ڕەوانەی باکور کرد لە 21ی خەرمانانی 1324 (1945) کەپێك هاتبوون لەم بەرێزانە:

1.قازی محەمەد

سەرۆکی وەفد

2.سەیفی قازی

ئەندام

3.مەنافی کەریمی

ئەندام

4.عەلی ڕێحانی

ئەندام

5.قاسم ئیلخانیزادە

ئەندام

6.عەبدوڵڵا قادر ماش





ئەندام

7. کاکە هەمزەی ماش

ئەندام

8.نوری بەگی بەگزادە

ئەندام

وەفدی کوردی لەلایەن لێپرسراوانی کۆماری ئازەربایجانی سۆڤیەتەوە بەگەرمی پێشوازی کرانو چەپکە گوڵی ڕێزلێنانیان پێشکەش کرا. لەرۆژی دووەمدا (لایوف)لەگەڵ (مەنافی کەریمی) دانیشتو داوای کرد کەداخوازیو پێشنیازەکانیان ئامادە بکەن تا بیگەیەنێتە (جەعفەر باقروف) تا بیگەیەنێتە لێپرسراوانی سەروی خۆی، وەفدی کوردی داخوازیو پێشنیازەکانیان ئامادە کردو خستیانە بەردەستی سۆڤیەتیەکان، ئەو ڕۆژە سەر لەئێوارە وەفدی کوردی لەگەڵ جەعفەر باقرۆف کۆبونەوە لەسەرەتادا باقرۆف کەوتە قسە کردنو رون کردنەوەی ئایدۆلۆجیو ستراتیژی

سۆڤیەت لەسەر کەمینە نەتەوەییەکانی ناوچەکە بەتایبەتی کوردو ئازەر، باقرۆف وای نیشان دا کە لەسەرەتاوە ئازەرییەکان ببنە خاوەن کۆمارو کورد لەچوارچێوەی خودموختاری ئازەربایجاندا بمێنێتەوە، ئەمەش جگە لەبەستنەوەو بێ بەش بوونی کورد هیچی تری تێدا نەبوو بۆیە وەفدی کوردی ئەمەی رەت کردەوەو سور بوو لەسەر مافە رەواکانی گەلی کورد لەچوارچێوەی حوکمی کوردی خۆیداو وەك برا لەگەڵ گەلی ئازەری بەیەك چاو سەیر بکرێ ئیتر قازی محەمەد زۆر هێمنانە کەوتە قسە کردنو رونی کردەوە کەکورد مافی خۆیەتی خاوەنی خودموختاری بێتو قوربانی داوەو دەیداتو سورە لەسەر ئەو مافەی خۆی.

دوای ئەوەی باقرۆف تێگەیشت کەناتوانێ وەفدی کوردی رازی بکات بەو جۆرەی خۆیان دەیانەوێ چونکە کورد سورە لەسەر داوای مافی رەوای خۆی بۆیە باقرۆف مستێکی بەسەر مێزەکەیدا داو بەدەنگی بەرز گوتی لەبەر ئەوەی یەکێتی سۆڤیەت لەئارادایە





کورد بەمافی رەوای خۆی دەگات. قازی محەمەدیش بەهەمان دەنگی بەرز گوتی گەلی بێدەسەلات پێخۆشحاڵە بەو دەستەی بۆ درێژ دەکرێت نەك هەر ئەو دەستە دەگوشێت بەڵکو ماچیشی دەکات، ئیتر هەموو لایەك بەدڵخۆشیو شادیەوە حەسانەوەو دوای ئەوە وەفدی کوردی هاتە باسی داواو پێداویستیەکان وەك چەكو جبەخانەو ماشێنو پارەو پولو ئازوقە....هتد".

بۆ ئەم مەبەستەش قازی محەمەد ئەم سەرگوزەشتەی گێڕایەوە: "ئاغایەك تانجیەك بەلادێیەك دەبەخشێت بۆ رۆژی دووەم کابرای لادێیی دێتەوە لای ئاغاو سوپاسێکی زۆر زۆری ئاغا دەکات بەجۆرێ ئەو سوپاسە دەکات کەئاغا چاوەڕوانی ئەو هەموو ستایشەی نەدەکرد بۆیە سەری لەوە سوڕ دەمێنێتو دەڵێت باشە تۆ پێم نالێیت ئاخۆ خەڵاتێکی وا بچوك ئەم هەموو سوپاسە دەهێنێت؟ لادێییەکە وەڵامی دەداتەوەو دەڵێت: لەبەر ئەوەی تانجیەکت پێ بەخشیوم تانجی بۆ راوەو راویش کەرەستەی

راوەنێچیری پێویستە، کەوا بوو ئەسپیشم دەدەیتێ، دیارە ئەسپەکەو خاوەنە نوێکەی بێ‌لانەو بێ خواردن ناژین بۆیە ئەوانەشم بۆ دابین ئەکەی جامن ئەم هەموو شتانەم ئەدرێتێ ئیتر چۆن ئەوەندە رەزامەندو بەم جۆرە خۆشحاڵ نابم"[8]. ئیتر وەفدی کوردی بەو هیوایەو بەو بەڵێنانەوە گەڕانەوە مەهابادو کەوتنە رێبازی بەدیهێنانی بەشێکی گرنگ لەئاواتە دێرینەکەی کورد.

ئەمەش بەشێك بوو لەهەوڵی سیاسیانەی کوردو دبلۆماسیەتی کوردی بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیان.

## بەشی سێیەم

### رۆژنامەگەری لەکۆماری کوردستان- مەهاباد 1946

زۆربەی سەرچاوەکان رۆژنامەنوسیو چاپخانە لەکوردستانی رۆژهەلاتدا لەروی مێژووییەوە دەدەنە پاڵ ئەو هەولە جوامێرانەیەی نەوەی بەدرخانیەکانو بەتایبەتی (عەبدولرەزاق بەدرخان) لەشاری





(خوی) کە لەساڵی 1913دا هەولی داوە یەکەمین رۆژنامەی کوردی لەئێران بەناوی (کوردستان) بڵاو بکاتەوە بۆ ئەم مەبەستە چاپخانەیەکیش دابین بکات تاکو کتێبو بڵاوکراوەی کوردی پێ چاپ بکاتو هانی خەڵك بدات بۆ خوێندنو خوێندەواریو یەکەم قوتابخانەی کوردیش هەر لەو شارەدا بکاتەوە یەکەمین چاپخانەو رۆژنامەنوسی راستەقینە لەکوردستانی رۆژهەلاتدا لەسەر دەستی (مەلا محەمەدی تورجانیزادە قزلجی) کەهەر خۆی لەرۆژنامەی کوردی سەردەمی شۆڕشی سمکۆی شکاکدا هەموو کارێکی ئەنجام داوەو دەستی پێکردووەو رچە شکێن بووە ئەم رۆژنامەیە لەچاپخانەی (فرەت) لەشاری ورمێ دا چاپکراوە، ئەم چاپخانەیە هی (محەمەد تەمەدون) بووە خاوەنی کتێبی (اوچاع ایران درجنگ اول یا ئأریخ رچائیە) کۆمەڵەی (ژ.ك) کەپێویستی ئەو رۆژگارە دروستی کرد یەکێ لەو خالانەی دەیانویست جێبەجێی بکەن ئەوەبوو لەرێگەی چاپو چاپەمەنیو بڵاو کراوەو هەستی

نەتەوەیەوە ئاگای خەڵك بەرز بکەنەوە چاك لەوە تێگەیشتبوون کە بەخوێندنو خوێندەواری کۆمەڵی دواکەوتوویی کوردەواری ئەوێ ڕۆژێ دەتوانن بەرەو پێش بەرن ئەم بۆچوونەی (ژ.ك) قورسی سەرەکیو بزوتنەوەو کۆمەڵو ڕێکخراوو پارتە سیاسیەکانی کوردی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی بوو دوا بەدوای دامەزراندنی کۆماری کوردستان بەپێی ئەو بەڵێنانەی باقرۆف بەپێشەوا قازی محەمەدی دابوو لەسەفەری دووەمی باقرۆف کەیارمەتی فەرهەنگیو ڕۆشنبیریان بدەنو چاپخانەیەکیان بۆ دابین بکات چونکە شەخسی قازی محەمەد بۆ خۆی گرنگی زۆری بە خوێندنو خوێندەواری داوەو یەکێ لەداواکارییەکانی کۆمار هەر لەزووەوە خوێندن بووە بەزمانی زگماکی کوردی تەناتەت لەبڕگەی سیازدەهەم لەفەسڵی سێهەمدا لەمەرامنامەی حزبی دیموکراتدا هاتووە (لەنێو دانیشتوانی کوردستاندا بۆ بڵاو





کردنەوەی عیلمو مەعریفەت خوێندنی ئیبتدائیو ناوەندی ئیجبارییە لەمەدرەسەکاندا خوێندن بەزمانی کوردی دەبێ).

چاپخانەیەك دابین کراو لەگەڵ بڕێك کاغەزو کەلو پەلی چاپ گەیشتە مەهابادی پایتەخت لەرێگەی رابیتەی فەرهەنگی تەبرێزەوە. بەگەیشتنی چاپخانە بۆ کوردستان جەژنێکی گەورە ساز کرا هەندێ لەبەرپرسانی کۆمار بەو بۆنەیەوە وتاریان خوێندەوە دەستبەجێ کەوتنە دەرکردنی ڕۆژنامەی کوردستان زمانحاڵی کۆماری کوردستانو لەپاڵ ئەمەدا ژمارەیەك گۆڤارو نامیلکەش چاپکرانو چاپخانەیەکی کۆنیش هەبوو گوێزرایەوە بۆ بۆکانو لەوێ گۆڤاری (هەڵاڵەو کارو باری میری پێ چاپ دەکرا).

گەیشتنی چاپخانەو بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی (کوردستان) دەنگو سەدایەکی زۆری دایەوەو بەجارێك دەنگی نارەزایی لەرۆژنامەکانی تاراندا بەرز بووەوە پێی شڵەژان. تەنانەت ڕۆژنامەی (تهران امرز) لەساڵی 1945دا نوسیویەتی دەبێ زاری

کوردان پڕ لەئاسن بکرێو رۆژنامە کوردییەکەشیان تەفرو تونا بکرێت، لێرەوە دەکرێت درك بەوشەو رۆژنامە نوسی راپەنیوی شۆڕشگێڕی بکرێت کەچۆن دوژمن زەندەق دەباتو ترسو سام دەخاتە دڵیانەوەدەبێتە چەکێکی کاریگەر بۆ خەباتو بەدرۆ خستنەوەی پڕو پاگەندەی دوژمنان ئەمەش هەر لەسەرەتاوە سیفەتێکی دیاری رۆژنامە نوسی کوردی بووەو ئەو سروشتەی پێوە دیار بووە(عەبدولقادر دەباغی) لەبارەی گرنگی چاپخانە لەو رۆژەدا دەڵێ"چاپخانەی کوردستان لەو سەردەمەدا ئەوەندە گرنگ بوو کەزۆربەی رۆژان پێشەوای شەهید سەرلەبەیانیان بەر لەگشت کارێ دەچووە چاپخانە چاوی بەکاك مودەرڕیسیو زانای خۆشەویستی خوالێخۆشبوو سەید محەمەد حەمیدی دەکەوتو وتووێژی لەگەڵدا دەکردن چونکە سەرەڕای رۆژنامەی کوردستان تەواوی ئیعلامییەو هەموو بەشی تەبلیغات بۆ بەشەکانی دیکەی کوردستان هەر لەوێ چاپ دەبوو کەسانێکی زاناو ئەدیبو





جێگەی متمانە لەوێ بوون" بەم شێوەیە چاپخانە لەژیانی رۆشنبیری کۆماردا ئەرکێکی نەتەوەیی گەورەی لەئەستۆ گرتبوو ئەمە سەرباری ئەوەی ئەو چاپخانەیە بووە هۆی ئەوەی ئەو رۆژنامەو گۆڤارانەی ئەو رۆژگارەی پێ چاپ بکرێ[9] رۆژنامەو گۆڤارەکانی سەردەمی کۆماری دیموکراتی کوردستان.

1. **گۆڤاری نیشتمان:**

زمانحالی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد ناسراو بە (ژك) لەناوەراستی ساڵی 1943 یەکەم ژمارەی لێ بڵاو کراوەتەوە، دووەمین گۆڤاری کوردییە لەئێران دوای گۆڤاری کوردستان لەشاری خوی لەساڵی 1913دا.

ئەم گۆڤارە شوێنو پایەیەکی دیارو بەرچاوی لەمێژووی رۆژنامەنوسی کوردیدا هەیەو ژمارەیەك بەرهەمی هەمە چەشنەی بەقەڵەمی شاعیرو نوسەرانی کورد بڵاو کردۆتەوە.

کاربەدەستانی ئەو رۆژگارە بەبڵاوبونەوەی گۆڤاری نیشتمان بەجارێ شڵەژانو ئەم هەنگاوەیان بەوریا بونەوەی میللەتی کورد داناوەو قونسڵخانەی عیراق لەتەبریزو کرماشان بەپەلەو بەبروسکە هەواڵی چاپو بڵاو بونەوەی گۆڤاری ناوبراویان راگەیاندووەو لەوە ترساون بیری نیشتمانی کوردی کۆمەڵەو ناوەڕۆکی بابەتەکانی گۆڤارەکە کوردی عیراقیش بوروژێنێو راپەڕینو شۆڕشی نوێ دروست بکات، نیشتمان بەڵگەو کۆڤارێکی زیندووە بۆ رونکردنەوەی تێڕوانینی ئەو رۆژگارەی کۆمەڵەی (ژ.ك)و هەڵوێستی لەبەرامبەر جیهانی دووەمو بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردایەتی لەکوردستانی رۆژهەڵاتو مەسەلە ئایندەییەکان وەك یەکگرتنەوەی پارچەکانی کوردستانو پشتبەستن بە بۆچوونی ئاستی دیموکراسیو شۆڕشی رۆشنبیری.

جەمال خەزنەدار دەربارەی ئەو گۆڤارە نوسیویەتی نیشتمان گۆڤارێکی ئەدەبیو سیاسی مانگی بووە لەشاری مەهاباد





لەلایەن کۆمەڵەی (ژ.ك) ەوە دەردەچوو نۆ ژمارەی لێ دەرچووە، ژمارە نۆی لەمانگی ئەیلولی ساڵی 1945دا دەرچووە، سەرنوسەری گۆڤاری نیشتمانی (عەبدولڕەحمان زەبیحی)یە کەسایەتیەکی دیارو پیاوێکی رۆشنبیرو خەباتگێڕ بووەو لەپێناو هەڵوێستی دلێرانەی خۆیدا شەهید بووە.

. **گۆڤاری هاواری کورد:**

ئەم گۆڤارە یەکێکە لەو گۆڤارانەی کە لەکاتێکی ناسك دا دەرچووە لەکاتی هێرشی خەڵکی مەهاباد بۆ سەر شارەوانی مەهابادو سەرکوتکردنی دەسەڵاتی حکومەتی ئێرانو سەرو بەندی یەکەمین کۆنگرەی دامەزراندنی حزبی دیموکراتی کوردستانو هەڵوەشاندنەوەی یان گۆڕینی کۆمەڵەی (ژ.ك) بەحزبی دیموکرات.

ئەوەی سەرنج راکێشە حزبی دیموکرات لەیادی سەد ساڵەی رۆژنامەنوسی کوردیدا لەرۆژنامەی کوردستانی مانگانەی خۆیدا

لەریز کردنی ناوی ئەو رۆژنامەو گۆڤارانەی حزبو کۆماری دیموکراتی کوردستاندا هیچ ئاماژەیەکی بۆ ئەو تاکە ژمارەیەی ئەم گۆڤارە نەکردووە.

3. **<u>گۆڤاری هاواری نیشتمان:</u>**

تویژی لاوانو نەوجەوانان بەر لەدروست بوونی کۆمەڵەی (ژ.ك)و پاشان کۆماری دیموکراتی کوردستان سازمانی جەوانانی کوردستان توانیبوی لاوو گەنجە رۆشنبیرەکانی سەردەمی جەنگی دووەمی جیهانی لەموکریان بەتایبەتی لەمەهاباد لەخۆی کۆ بکاتەوە.

پاش دامەزراندنی کۆمار گرنگیەکی تایبەتی بەلاوان دەدرا بەتایبەتی قازی محەمەدی پێشەوا بۆ خۆی سەرپەرشتی کارەکانیان دەکرد. بەشی زۆری ئەو لاوانەی بەبیری سۆسیالیستیو لەژێر کاریگەریو پەیوەندی بە یەکێتی سۆڤیەتو حزبی تودەوە دەوڵەمەند بوون. د.عیزەدین دەڵێ "چ لەئازەربایجانی خواروو چ





لەکوردستان رێکخراوی لاوان یان نەوجەوانان بەپێرەوی وڵاتی سۆڤیەت دانرا کەرێکخراوی (کۆمسۆمۆڵ) بوو واتە لاوانی کۆمۆنیست بۆ ئەندامی حزب خەڵك لێرەوە وەردەگیران".

ئەم گۆڤارە یەك ژمارەی لێ دەرچووە تاوەکو ئێستا لێکۆلینەوەیەکی ئەدەبی یان رۆژنامەنوسی دەربارەی ئەو گۆڤارە نەنوسراوەتەوە تەنیا لەمیانی ریزکردنو ئاماژە پێ کردنێك بۆ قۆناغی کۆماری دیموکراتی کوردستان لەبواری رۆژنامە نوسیدا ناوی هاتووە ئەوە جگە لەوەی هەندێ نوسەر هەردوو گۆڤاری (هاواری کورد )و (هاواری نیشتمان)ی لێ تێکەڵ بووەو بەیەك شتیان داناون.

4. **<u>گۆڤاری هەڵاڵە:</u>**

دوای ئەوەی چاپخانەی سۆڤیەت گەیشتە مەهاباد ئیتر چاپخانە دەستیەکەیان لەمهاباد گواستەوە بۆ بۆکانو لقی حزبی دیموکراتی کوردستان لەو شارەدا بەیارمەتی چەند رۆشنبیرێكو

ئەندامێکی حزب لەوێ کەوتنە بیرۆکەی ئەوەی کەگۆڤارێکی ئەدەبی بەو چاپخانە دەستیە چاپ بکەن لەسەروی هەمواندا ئەو ئەرکە کەوتە ئەستۆی ئەدیبو روناکبیر (حەسەنی قزڵجی)و گۆڤارەکە بەناوی هەڵاڵەوە ناوزەند کرا، حەسەنی قزڵجی کوردێکی دڵسۆزو چیرۆکنوسێکی سەرکەوتوو بوو بەزمانو بابەتی سادەوە لەناوجەرگەی ژیانی لادێی کوردەوارییەوە بابەتەکانی هەڵێنجاوە لەسەردەمی کۆماری کوردستاندا دەستی بەکاری رۆژنامەنوسی کردووەو پاش روخانی کۆمار روی لەوڵاتی بولگاریا کردووەو دوای روخانی شای ئێران گەڕاوەتەوەو لەزیندان لە ساڵی 1985 شەهید بووە، بەر لەوەی گۆڤارەکە یەکەم ژمارەی لێ چاپ بکرێت لەرۆژنامەی (کوردستان)ی ئۆرگانی حزبی دیموکراتی کوردستاندا مزگێنی بەخەڵك دراوە. جەمال خەزنەدار نوسیویەتی هەڵاڵە گۆڤارێکی سیاسی ئەدەبی بووە لەشاری بۆکان لەلایەن لاوانی دیموکراتی کوردستان بڵاو دەکرایەوە، ژمارە یەکی





لە 21ی مارتی ساڵی 1946دەرچووەو لەژێر چاودێری مامۆستا حەسەن قزڵجی بووە.

5. گۆڤاری گڕوگاڵی منداڵانی کورد:

لەمێژووی رۆژنامەنوسی کوردیدا ئەم گۆڤارە یەکەمین گۆڤاری کوردییە بۆ منداڵان تەرخان کراوە، دەکرێ لێرەوە درك بەستراتیژی راگەیاندنی کۆماری کوردستانو سیاسەتی دوربینانەی ئەوان بکەین.

دنیای رۆژنامەنوسی منداڵان، دنیایەکی رەنگینو پڕ لەئومێدەو خاوەنی کۆمەڵێ یاساو بنەماو دەستوری خۆیەتی کەدەبێ لەگەڵ ئامانجو ئەو پەیمانە پەروەردەیەی هەڵی گرتووە بگونجێ بێگومان ئەزمونی رۆژنامەنوسی منداڵان بەزمانی فارسی لەئێرانو بە زمانی عەرەبی لەعیراقدا رۆڵی خۆیان لەوەگا هێنانەوەو هەنگاو هەڵگرتنی بۆ بیر کردنەوە لەرۆژنامەنوسی منداڵانی کورد بینیوە.

**6. گۆڤاری کوردستان:**

بەر لەدەرچونی ئەزمونی بەبایەخی رۆژنامەی رۆژە نارۆژێکی کوردستان دەرچووە، دەرچونی ئەم گۆڤارە بەماوەیەکی کەم بەر لەرۆژنامەی کوردستان ئاهەنگی بۆ ساز کراوەو پێشەوا بۆخۆی بەشداری لەو ئاهەنگەدا کردووە.

**7. رۆژنامەی کوردستان:**

یەکێك لەکارە گرنگو پڕ بایەخەکانی کۆماری کوردستان لەروی رۆشنبیریی‌و کلتورییەوە دەرکردنی رۆژنامەی کوردستانە هەوڵدانێکی سەرکەوتوو بوو بناغە دانانێك بوو بۆ رۆژنامەیەکی رۆژانەی کوردی، کەئەرکێکی قورس‌و توانایەکی مادی‌و مەعنەوی زۆری گەرەکە، لەدنیای رۆژنامەنوسی کوردی‌دا خاڵی وەرچەرخانێکی تازە بوو سەلماندی ئەگەر نوسەرو رۆژنامەنوسی کورد پێداویستیەکانی بۆ دەستەبەر بکرێ دەتوانێ داهێنان بکات، لەگەڵ هەموو کەم‌و کورتیەکانیشدا رۆژنامەی کوردستان





وەکو زمانحاڵی حکومەت‌و ئۆرگانی بڵاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان هەنگاوێکی مەزن بوو، لەو روانگەیەوە کەبوونی رۆژنامە لەهەر کۆمەڵێکدا مەدەنیەتی ئەو نیشان دەدا گۆڕینی پەیڕەوو پرۆگرامی کۆمەڵەی (ژ.ك) بۆ حزبی دیموکرات پێویستی بەوە دەکرد کەتازە بونەوەیەك لەسەرجەم بوارەکانی ژیانی ناوخۆیی‌دا روو بدات هاتنە کایەی کۆماری دیموکراتی کوردستان کەئەزمون‌و ناسنامەیەکی نەتەوەی کورد بوو، رۆژنامەگەریش لەسیماو شاکارەکانی ئەو تازە بونەوەو گۆڕانانەدا بوو، هەروەها گرنگی بەرچاوی ئەم رۆژنامەیە لەوەدایە هەرچی دەنگ‌و باس‌و ئاگاداری‌و بانگەوازو کارو کردەوەو وتارو چاوپێکەوتن‌و لێدوانێکی پێشەوا قازی هەیە لەو رۆژنامەیەدا کەزمانحاڵی حکومەت بووە بڵاو کراوەتەوە، لەبەر ئەوە باشترین سەرچاوەیەکی باوەڕ پێکراوە بۆ لێکۆڵینەوە لەرۆژگاری کۆماری کوردستان کە بەحەق ئەزمونێکی گەورەو پرشنگداری خەباتی

سیاسیـیە لەمێـژووی هاوچـەرخی میللەتەکەمانـداو، هـەوڵێکی گـەورە بـوو بـۆ جۆشـدانو بـەردەوام بـوونی بزافـی نەتەوەیـەتی رزگاریخوازی کورد.

بڵاوبونەوەی رۆژنامەی کوردستان بەبەدیهاتنی یەکێ لەخەونە دێرینەکانی سەرکۆمارو تەواوی کاربەدەستانی کۆمار بوو، بۆیە دوای بڵاوبونەوەی ژمارەی یەکەمی رۆژنامەکە (حاجی بابە شێخ) سەرەك وەزیرانی کابینەی حکومەتو ژمارەیەکی زۆر لەنوێنەرانی حزبی دیموکرات لەناوچە جیاوازەکانو پیاوانی ئاینیو بازرگانان لەجەژنی کردنەوەی ئیدارەی چاپخانەو رۆژنامەی کوردستان ئامادە بوون، لەو جەژنەدا سەرنوسەری رۆژنامەکە (سەید محەمەدی حەمیدی) دوای بەخێرهێنانیان وتارێکی خوێندۆتەوە، ئامادەبوان بۆ بینینی چاپخانەو چۆنیەتی چاپکردنی رۆژنامە بانگ کراون کەتەواوی مەراسیمی ئەم جەژنە لەریپۆرتاژێکدا بڵاو کراوەتەوە[10].





## پەراوێزو سەرچاوەکانی بەندی سێیەم

1. مەحمودی مەلا عیززەت- جمهوریەتی کوردستان- لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویيو سیاسی- سلێمانی- دەزگای چاپو پەخشی سەردەم- چاپی دووەم- ساڵی 2003 ل 277.
2. هەمان سەرچاوە، ل 150.
3. هەمان سەرچاوە، ل 299-300.
4. هەمان سەرچاوە، ل 300-301-302.
5. هەمان سەرچاوە، ل 303.
6. جرجیس فتح للە-الترجمە: - جمهوریە هماباد- جمهوریە 1946 الکردیە- کردستان-اربیل- مگبعە وزارە التربیە، التبعە الپانی- سنە 1999- ص 159-160.
7. نفس المصدر، ص 153-154.

8. مەحمودی مەلا عیززەت- جمهوریەتی کوردستان- لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی‌و سیاسی- سلێمانی- دەزگای چاپ‌و پەخشی سەردەم= چاپی دووەم- ساڵی 2003 ل 132-133-134-135-136.

9.نەوشیروان مستەفا ئەمین- حکومەتی کوردستان (کورد لەگەمەی سۆڤیەتدا) کوردستان- هەولێر- چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری- چاپی یەکەم- ساڵی 1993- ل 153-154-155-156.

10. د.هیمداد حسێن- رۆژنامەنوسی کوردی سەردەمی کۆماری کوردستان- 1942___1947- سلێمانی- دەزگای چاپ‌و پەخشی سەردەم- ساڵی 2002 ل 67بۆ 140.





## کۆتایی

ئەم لێکۆڵینەوەیە کەتایبەت بوو بەبواری یاسایی کۆماری کوردستان مەهاباد 1946، لەڕوانگەی یاسای گشتی نێودەوڵەتیەوە هەرچەندە وەك پێویست سەرچاوە لەبەردەستدا نەبوو لەو بوارەوە، بەپێی ئەو زانیاریانەی لەبەردەستدا بوون، بەستنەوەی ئەم سەرچاوانە بەیاسای گشتی نێودەوڵەتیەوە، توانرا لەروی یاساییەوە هەوڵێك بدرێت کەبابەتەکەمان لەسەرەتاوە تەرخان کرد بۆ پێناسەی دەوڵەت، پایەکانی دەوڵەت، سروشتی دان پیانان بە دەوڵەتدا، لەم باسانەوە بۆمان دەردەکەوێت لەروی یاساییەوە کۆماری کوردستان گرنگی خۆی هەبووە، دوای شیکردنەوەی ئەو بابەتانە لەروی مێژووی رێکخراوەیی‌و سیاسی لەکوردستانی رۆژهەڵات، دامەزراندنی کۆمارەکەو بەراوردێك لەسەر کۆماری مەهاباد بەپایەکانی دەوڵەت‌و پرەنسیپی مافی چارەی خۆنوسین بۆ گەلان، کەسایەتی یاسایی کۆمارەکە، بەڵگەنامەو بڕیارو

راسپاردەکانی، پەیوەندی هەرێمایەتیو نێودەوڵەتی، گرنگی دان بەبواری رۆشنبیریو رۆژنامەگەری کەدەسەڵاتی چوارەمن لەدەوڵەتدا.

لەئەنجامی شیکردنەوەی هەموو ئەو بابەتانە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کەکۆمارەکە لەروی یاساییەوە ئەگەر کەمو کورتیشی هەبوبێ, بەڵام دەتوانین بڵێین کەسایەتی یاسای نەتەوەیی هەبووە لەهەوڵدا بووە بۆ بەدەستهێنانی کەسایەتی یاسایی نێودەوڵەتی. ئەگەر بەرژەوەندی زلهێزەکان بیخواستایە ئەو کەسایەتیەشی بەدەست هێنا بوو، چونکە کۆمارەکە پێناسەی دەوڵەتی بەسەردا جێگیر دەبێ کە لەروی ژمارەی دانیشتوانو نیشتەجێ بونیان بەشێوەی جێگیریو بەردەوامی لەسەر هەرێمێك کەروبەرەکەی لەوە زیاتر بێت کەبۆ دەوڵەت دەشێتو ملکەچ بونیان بۆ سیستەمێکی سیاسی کۆماری کەدەسەڵاتی سەرکۆمارو





دەسەڵاتی جێبەجێ کردنو دەسەڵاتی دادگا لەکۆمارەکەدا هەبوون.

ئەگەر چاوێك بەپرەنسیپەکانی دیاریکردنی مافی چارەی خۆنوسینی گەلاندا بخشێنینەوە لەسەردەمی ئیسلامو کۆمەڵەی گەلانو نەتەوە یەکگرتووەکانو پەیماننامەو رێککەوتننامە نێودەوڵەتیەکان، رای هەریەك لەسەرکردەی ئەمریکی ولسنو سەرکردەی سۆڤیەتی لینینو بەلشەفیەکان، جاڕنامەی گەردونی مافی مرۆڤ 1948 بە پێی هەموو ئەمانە کورد مافی خۆیەتی خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی بێتو کەسایەتی یاسایی نێو دەوڵەتیشی هەبێت، پەیوەندی هەرێمایەتیو نێودەوڵەتیەکانی کۆمارەکە هەرچەندە کەمو سنورداریش بوبن بەڵام گرنگی خۆی هەیە لەبواری سیاسەتی نێودەوڵەتاندا، ئەو پێشکەوتنەی لەروی رۆشنبیریو کلتوریو ئەدەبیو کۆمەڵایەتیو سیاسیو سەربازییەوە هەنگاوی باشیان بۆ نرا بوو ئەنجامەکانی بەدیار دەکەوت، وتاری

پێشەوا قازی محەمەد کەچەندین خاڵی گرنگی خستە روو کەدەتوانین وەك بەڵگەیەکی یاسایی کاری پێ بکەین بۆیە لەتێڕوانینی یاسای گشتی نێودەوڵەتیەوە دەتوانین بڵێین کۆماری کوردستان زۆر بواری یاسایی بڕیبوو، بەڵام بەداخەوە پشتگیری نێودەوڵەتی بەدەست نەهێناو بەرژەوەندی وڵاتانی جیهانیش لەلایەکیتر بوەستێت کەهیچ کاتێك پشتیوانی ئەوتۆی لەبزوتنەوەی کورد نەکردووە کەبتوانێت لەسەر پێی خۆی بوەستێتو بگاتە قۆناغی کامڵ بوونو سەرکەوتنی یەکجارەکی، ئیتر فاکتەری دەرەکی زیاتر بووە هۆی ئەوەی کەبزوتنەوەی کورد لەکوردستانی رۆژهەڵات جارێکیتر شکست بخواتو نەتوانێت چارەنوسی گەلی کورد لەو پارچەیەی کوردستاندا بەدی بهێنێت کە بەدڵنیاییەوە دەبووە پاڵپشتێك بۆ پارچەکانیتری کوردستانو سەرجەم گەلی کورد، بۆیە کێشەکەیان لەناوخۆی ئێران لەقاڵب داو بووە هۆی کپ کردنو روخانی کۆمارەکە، کەناکرێ فاکتەری





ناوەکیش فەرامۆش بکرێت کەهەندێك فاکتەری ناوەکی یارمەتی دەربوون بۆ روخانی کۆمارەکە.

## سەرچاوەکان


1. جرجیس فتح لله - الترجمە جمهوریە مهاباد- جمهوریە 1946 الکردیە- کردستان- اربیل 1999.
2. د.همداد حسێن- رۆژنامەنوسی کوردی سەردەمی کۆماری کوردستان 1942-1947- سلێمانی 2002.
3. د.مارف عومەر گوڵ - کێشەی کەسایەتی یاسایی نەتەوەیی گەلی کورد- سلێمانی 1999.
4. د.مارف عومەر گوڵ پەیوەندی مەسەلەی کورد بەیاسای نێودەوڵەتانەوە- لێکۆڵینەوە- سلێمانی 2002.
5. مەحمودی مەلا عیززەت - جمهوریەتی کوردستان لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی‌و سیاسی- سلێمانی 2003.

6. نەوشیروان مستەفا ئەمین- حکومەتی کوردستان "کورد لەگەمەی سۆڤیەتدا" کوردستان، هەولێر 1993.

7. عبدالرحمن سلیمان الزیباری- الوچع القانونی لاقلیم کردستان فی ڤل قواعد القانون الدولی العام- کردستان اربیل- 2002.

8. د.عصام العطیة- القانون الدولی العام- بغداد 1993